# چارەسەری هەواڵیانە بۆ دیاردەی تیرۆری فیکری لە وێبسایتە هەواڵییەکان توێژینەوەیەکی شیکارییە وێبسایتی K24 و NRT بەنمونە

**ئەرسەلان ڕەحمان محەمەد[1] - سارا محسن قادر[2]**

[1+2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

تیرۆری فیکری، یەکێکە لەو دیاردانەی لە شوێنکاتی جیاوازدا لە چوارچێوەی پەیامی میدیاییدا دەردەکەوێت. دەرکەوتنەکەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سیاسەتی تەحریری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی سیاسەتی تەحریر و ژینگەی کارکردن و جوگرافیای سیاسی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ئەنجامێکی زانستیانەی نزیک لەواقیع بدات بەدەستەوە، هەردو شاری هەولێر و سلێمانی وەک ژینگەی کارکردن و کۆمەڵگەی توێژینەوە دەستنیشانکراون. هەریەک لە وێبسایتی کەناڵی (K24) لە شاری هەولێر و وێبسایتی کەناڵی (NRT) لە شاری سلێمانی وەک سامپڵی توێژینەوە دەستنیشان کراون.

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ڕادەی بەرجەستەبونی دیاردەی تیرۆری فیکرییە لە وێبسایتە هەواڵییە کوردییەکان، هەروەها دەرخستنی ئەو کاریگەری و کارتێکەرە دەرەکیانەیە، کە ڕۆڵیان لەدارِشتنی پەیامی میدیایی و سیاسەتی تەحریری کەناڵەکاندا هەیە. چونکە بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری مەترسیدارترە لە تیرۆر بەمانا گشتییەکەی، بەو پێیەی ئامانجی سەرەکی تیرۆری فیکری، تیرۆری کەسایەتی مەعنەوی بەرامبەر و ڕێگەخۆشکردنە بۆ پاکتاوی جەستەیی و شێواندنی وێناکان و دروستکردن و چاندنی وێنای نوێیە لەزیهنی بەرامبەرەکاندا.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو پەیامەیە، کە دوان لە وێبسایتی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەتوێی هەواڵەکانیاندا ئاراستەی وەرگری دەکەن و پەیبردنە بەدیوی شاراوەی ئەو پەیامە و خستنەڕوی کاریگەرییەکانی ژینگەی کارکردن و ململانێی سیاسی نێوان لایەنەکانە لەسەر دارِشتنی پەیامی میدیای و بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری تێیدا. هەروەها ناسین و شیکردنەوەی ئەو چەمک و دەستەواژە و زمانەی؛ پەیامە میدیاییەکەی پێدارِێژراوە.

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستراوە، بۆ ئەوەی لەڕێی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵی هەردو سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەی بەکارهێنان و بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری لە زمان و سیاسەتی تەحریری هەردو کەناڵەکە بەشێوەی زانستیی بخرێتەڕو. بۆ ئەو مەبەستەش دوای هەڵسەنگاندنی پرسیارەکانی توێژینەوە لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی پسپۆڕەوە، بۆ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

گەیشـــتن بەوەڵامی زانســـتی توێژەر پشـــتیی بە دروستكردنی خشتەی تایبەت بەفۆرم و ناوەڕۆكی هەواڵەكانی هەردو سامپڵەكە بەستوە.

لەنـاوەڕۆكی توێژینەوەدا، وێڕای شـــیكردنەوە و خســـتنەڕوی لایەنی تیۆری هەریەك لە چەمكەكانی تیرۆر، تیرۆری فیكری، مەبەســـــت لێیـان لەڕوی زانســــتییەوە ڕونكراوەتەوە ، لەم توێژینەوەیەدا پوختەیەك لە بـارەی مێژوی تیرۆری فیكری لە هەرێمی كوردســـتـان خراوەتەڕو، ئـامـاژەش بە قۆناغەكانی ســـەرهەڵدان و گەشـــەكردنی كراوە و ڕادەی كاریگەری ململانێ ســـیاســـی، ئابوریی و جوگرافییەكان لەسەر دەركەوتنی ڕونكراونەتەوە.

لەلایەنی پراكتیكی ئەم توێژینەوەیەدا، لەڕێگەی (١٤) خشــتەوە، هەوڵدراوە لەڕوی شــێوە و ناوەڕۆكەوە ڕادەی پراكتیزەكردنی تیرۆری فیكری لە هەواڵەكانی هەردو وێبســـایتی (K24) و (NRT) بكۆڵرێتەوە و شیكاری خشتەكان بكرێت.

لەكۆتایشـــدا ژمارەیەك لە گرنگترین ئەنجامەكانی تـوێـژینـەوە خـراونەتەڕو، لەوانە: چـارەســـەری هەواڵیانە بۆ تیرۆری فیكری لەهەردو وێبســـایتەكە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی بەژینگەی كاركردنی میدیا، ســـەرچاوەی پارەداركردنیان و ئاستی لایەنداریيان لەخستنەڕوی بابەتەكان و بڵاوكردنەوەی هەواڵەكان هەیە. هەروەهـا هەردو وێبســـــایتەكە ژینگەیەكی لەبـاریـان بۆ دەركەوتن و گەشـــەكردنی تیرۆری فیكری خوڵقـانـدوە، بەتـایبەتی لەو هەلومەرجـانەی ئاستی ململانێكان توند بونە.

**كلیلە وشەكان:** تیرۆری فیكری، ڕاگەیاندن، هەواڵ.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11
**Received:** 09- November -2021
**Accepted:** 04-January-2022
**Published:** 29-September-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
arsalan.m.ali@su.edu.krd
sara.qadir@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

تیرۆر وەک دیاردەیەک، مێژوییەکی دێرینی هەیە. بەشێک لە توێژەران سەرەتای دەرکەوتنی تیرۆری سیاسی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵانی نێوان (٦٦ - ٧٤)ی زاینی، کە گروپێکی جو، پێیان دەوترا "سیکاری" لە فەلەستین دژی کاربەدەستانی سەر بە ڕۆمانەکان کردەی کوشتن، سوتاندن و تۆقاندنیان بەکاردەهێنا. تیرۆر لە هەلومەرجی مێژویی و بەگوێرەی سروشتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە. کاریگەرییەکانی بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بونە. لەڕوی ڕوبەرەوە، مەترسییەکانی سنورەکانیان تێپەڕاندوە، کاریگەرییان بۆ ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی فراوان بوە.

یەکێک لە لایەنە کاریگەرەکانی تیرۆر، بونی تیرۆری فیکرییە، چەمکی تیرۆری فیکری هەمو ئەو لادانی فیکرییە توندگیری و پەرگیرییە دەگرێتەوە، کە بە بۆچون و بیروباوەڕ و ڕای دژ بە بنەما و بەها باڵاکان و نەریتی جوانی کۆمەڵگە، هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، ئەوانی دیکە دەرفەتی دەربڕینی بۆچونی خۆیانیان نەبێت. لەڕێی هەژمونی ماددی و مەعنەوییەوە کار بۆ سەپاندنی ڕاوبۆچونەکانی خۆی دەکات. بە گشتیی ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا، بەشی یەکەم تایبەتە بەچوارچێوەی گشتیی توێژینەوەکە و دەستنیشانکردنی بنەمای سەرەکی و هێڵە گشتییەکانی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمک و بەرچاوخستنی توێژینەوەکانی پێشو. بەشی دوەم تایبەتکراوە بە باسکردن لە لایەنە تیرۆرییەکەی توێژینەوە و هەریەک لە چەمکەکانی تیرۆر بەمانا گشتییەکەی و تیرۆری فیکری بەشێوەی وردتر و زانستیانەتر خراوەتەڕو. بەشی سێیەمی توێژینەوەکەش تەرخانکراوە بۆ لایەنی پراکتیکی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە. لەکۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕو، هەروەها ژمارەیەک ڕاسپاردە ئاماژەیان بۆ کراوە و پاشان جگە لە پوختە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆی ئەو سەرچاوانەی پشتیان پێبەستراوە ڕیزبەندکراون.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### ١- چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### ١-١: کێشەی توێژینەوە:

تیرۆر لەچوارچێوە گشتییەکەیدا، وەک دیاردەیەکی مێژویی و جیهانی لەڕوی یاسایی، سیاسی و مێژوییەوە، توێژینەوەی فرەجۆری لەبارەوە کراوە. بۆ دەربازبون لەچوارچێوە گشتییەکە، ئەم توێژینەوەیە، هەریەک لە بابەتەکانی: ناڕونی چەمکی تیرۆری فیکری، شێوازە شاراوەکانی لەدەربڕین و داڕشتنی پەیامی میدیایی، بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا، بەرجەستەبونی ئەم جۆرە تیرۆرەی لە چوارچێوەی پەیامی میدیایی هەواڵەکاندا، وەک کێشەیەکی میدیایی و کێشەی سەرەکی دەستنیشانکردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

## ١-٢: پرسیارەکانی توێژینەوە:

**یەک-** تا چەند ئەو چەمک و دەستەواژانەی لە ناوەڕۆکی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیدا بەکارهاتون، هەڵگری مۆرکی دیاردەی تیرۆری فکرین؟

**دو-** تا چ ئەندازەیەک کاریگەری هەردو ژینگەی جیاوازی کارکردن (هەولێر و سلێمانی) لە بارگاویکردنی ڕوماڵ و چارەسەری هەواڵیانە بەچەمک و دەستەواژەکانی دیاردەی تیرۆری فیکری ڕەنگیداوەتەوە؟

**سێ-** تا چەند دیاردەی تیرۆری فیکری لەناوەڕۆکی پەیامەکانی هەریەک لە وێبسایتی "K24" و "NRT" ڕەنگیداوەتەوە؟

**چوار-** هۆکارەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە وێبسایتە هەواڵییە کوردییەکان چییە و هەردو وێبسایتی K24 و NRT چۆن چارەسەری میدیایی ئەو دیاردەیان کردوە؟

## ١-٣: گرنگی توێژینەوە:

لەچوارچێوەی ئەو ڕۆشنبیرییە گشتییەی لەهەمبەر کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەگەرچی ڕۆژانە تیرۆری فیکری وەک دەستەواژە، بەکاردەهێنرێت، بەڵام وەک پێویست لێکۆڵینەوە لە بواری تیرۆری فیکری و ڕەنگدانەوە و دەرکەوتنی لە میدیای کوردیدا نەکراوە. ئەم توێژینەوەیە، لەم ڕوانەوە بایەخدارە:

**یەک-** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی زانستییەوە: توێژینەوەکە دەبێتە کرانەوەی دەروازەیەکی زانستیانە بەڕوی "تیرۆری فیکری" وەک دیاردەیەکی هەستیار و دژوار، کە بە سەرداپۆشراوی لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکاندا ئامادەگییەکی بەرچاوی هەیە. هەروەها هەنگاونانێکی زانستیانەیە بۆ دەرچون لە بازنەی گشتێتی و ڕونکردنەوەی چەمکی تیرۆری فیکری لەڕوی زانستییەوە.

**دو-** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی میدیاییەوە: توێژینەوەکە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ڕاستەڕێکردن و ئاراستەکردنی میدیایی کوردیی، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر و زوترە لە گرنگی و مەترسیداری ئەو جۆرە کارکردنە ڕزگاری بێت، کە لە هەناویدا دیاردەی شاراوەی وەک تیرۆری فیکری بەرجەستەیە و لەڕێی بەکارهێنانی چەمک و دەستەواژەی بارگاوی بە تێگەیشتن و وێنای زیهنی نەرێنیانە هەوڵی سڕینەوەی بەرامبەر و شێواندنی وێناکان و دروستکردنی وێنای زیهنی نوێ دەدات.

**سێ-** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەڕوی بابەتییەوە: لەڕوی بابەتییەوە توێژینەوەکە لەدیاردەیەکی هەستیار و ڕوداپۆشراوی مەترسیدار دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری خودیی و بابەتیانە لە ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی بەگشتیی و پەیامی هەواڵەکاندا بەتایبەتی دەردەکەوێت، ئەویش تیرۆری فیکرییە و کاریگەری و لێکەوتەکانی لە مەودای نزیک و دوردا دەردەکەون.

## ١-٤: ئامانجی توێژینەوە:

**یەک-** ڕونکردنەوەی چەمک و خستنەڕوی تێگەیشتنێکی هەمەلایەن بۆ دیاردەی تیرۆری فیکری.

**دو-** شیکردنەوەی پەیامی میدیای کوردی لەدو ژینگەی جیاوازی کارکردن، کە هەولێر و سلێمانین.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**سێ-** ڕونکردنەوەی مانا و دیوی شاراوەی ئەو چەمک و دەستەواژانەی لە میدیای کوردیدا بەمەبەستی دژایەتی و سڕینەوەی مەعنەویانەی بەرامبەر و تۆقاندنی ئەوانی دیکە بەکاردەهێنرێن.

**چوار-** دەرخستنی کاریگەرییەکانی دابەشبونی جوگرافی و ململانێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەسەر پراکتیزەکردنی ئامرازەکانی تیرۆری فیکری و ڕەنگدانەوەی لە هەواڵەکاندا.

## ١-٥: جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

**أ- جۆری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەجۆری ئەو توێژینەوە "وەسف"یانەیە، کە ئامانجیان وێناکردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تایبەتمەندییەکانی گروپ، یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراو، یاخود خستنەڕوی هەڵوێستێکی دیاریکراوە، کە خەسڵەتی سنورداریان هەیە و پەیوەستن بەسروشتی دیاردەیەک، هەڵوێستێک، کۆمەڵێک بابەتەوە. بەئامانجی دەستراگەیشتن بەزانیاری پێویست و ورد لە بارەیانەوە.

**ب- میتۆدی توێژینەوە:** ڕێباز (میتۆد)ی ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەڕۆکە. توێژەر بۆ هەڵهێنجاندن و گەیشتن بەئەنجامێک، بەپێی پێوەرە زانستییەکانی توێژینەوە بەرهەمهاتبێت، پشتیی بە میتۆدی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" بەستوە. بە هەردو جۆری شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەڕوی چۆنێتی و چەندێتییەوە.

## ١-٦: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە:

أ- **کۆمەڵگەی توێژینەوە:** پێکدێت لە سەرجەم وێبسایتە هەواڵییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ب- نمونەی توێژینەوە:** بریتییە لە هەردو وێبسایتی هەواڵیی کەناڵەکانی "K24" لە پارێزگای هەولێر و "NRT" لە پارێزگای سلێمانی.

## ١-٧: سنوری توێژینەوە:

**أ- سنوری شوێن:** سنوری کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، دو ژینگەی کارکردنە، کە ئەوانیش شارەکانی هەولێر و سلێمانین، وەک ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دابەشبونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەسەر دو ڕوانگە و ئاراستەی سیاسی جیاواز.

**ب- سنوری کات:** سنوری سامپڵی توێژینەوە لەڕوی کاتەوە، یەک ساڵی دەستکردی دەستنیشانکردوە. ماوەی نێوان (١ی ئاب/ ئۆگستی ٢٠٢٠) تاوەکو (٣٠ی تەمموز/ یۆلیۆی ٢٠٢١). بەشێوەیەکی ڕێکخراوی خولیی هەفتەیەک لە هەر مانگێک وەرگیراوە و کۆی هەفتەکان ١٢ هەفتەیە (٣ مانگ) لە ماوەی دەستنیشانکراودا.

**ج- سنوری بابەت:** سنوری ئەم توێژینەوەیە لەڕوی بابەتەوە تایبەتە بە چارەسەری هەواڵیانە بۆ دیاردەی تیرۆری فیکری لەهەواڵەکانی هەریەک لە وێبسایتەکانی "K24" و "NRT" لە ماوەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکە وەرگیراوە و کۆی گشتیی سامپڵی وەرگیراوی هەردو وێبسایتەکە، ١١٦٩ هەواڵە.

## ١-٨: ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری:

توێژەر بۆ دەستنیشانکردنی ڕاستیی ڕواڵەت ڕاوبۆچونی پسپۆڕانی لە بواری ڕاگەیاندن وەرگرت، کە ٧ مامۆستای بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سەلاحەددین و زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی بون و توێژەر خشتەی ئامادەکراوی خستە بەردەستیان و داوای لێکردن ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکان و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

بژاردەکان و هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک، کە پێیان باشە بیخەنەڕو، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپشتبەستن بەبیروڕا و سەرنج و تێبینییەکانیان بەڕێژەی ڕێککەوتنی دو لەسەر سێ بڕگە و بژاردەکان هێڵرانەوە و بەو هۆیەوە بەشێک لە بژاردەکان کورتکرانەوە و خرانەوە پاڵ یەک و دەستکاری هەندێک لە دەستەواژەکان کرا، هەروەها چوار پرسیاریش بۆ کۆی ئەو ١٤ پرسیارە زیادکرا، کە خرابوە بەردەستیان و بەو هۆیەوە ژمارەی پرسیاری توێژینەوەکە، لەڕوی فۆرمەوە وەک خۆیان مانەوە، کە ٥ پرسیار بون و ژمارەی پرسیار لەبارەی ناوەڕۆکەوە لە ١٤ پرسیارەوە زیادکران بۆ ١٨ پرسیار، کە پێشنیازیان کردبو. جارێکی دیکە پرسیار و بژاردەکانی فۆرمەکە پاکنوس کرانەوە.

سەبارەت جێگیری بۆ پێوانەکردنی نەگۆڕی سەرجەم بابەتە شیکارکراوەکان، جارێکی دیکە توێژەر شیکاری کردون بەجیاوازی ماوەی یەک مانگ لە نێوان شیکاری یەکەم و شیکاری دوەمدا و بەپێی یاسای هۆڵستی ڕادەی کۆڵکەی جێگیری دەستکەوتوە:

ن× ناوەندی ڕێککەوتنی نێوان دو شیتەڵکارەکە

جێگیری= ------------------------------------

١+(ن–١) ناوەندی ڕێککەوتنی نێوان دو شیتەڵکارەکە

ن= ژمارەی شیتەڵکارەکان.

بەگوێرەی ئەنجامەکە هاوکۆڵکەی جێگیری کە توێژەر لەدو کاتی جیاواز کردویەتی (٠,٨٥%) بوە. ئەمەش ئاستێکی بەرز و پەسندە.

## ١-٩: چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە:

### أ- هەواڵ

هەواڵ ژانرێکی بنەڕەتییە لە ڕۆژنامەوانی خوێندراو، بیستراو، بینراو و ئەلیکترۆنیدا بەکاردەهێنرێت. جێی بایەخی خەڵکە و بەو گوزارش یان ڕاپۆرتە دەوترێت، کە لەبارەی ڕوداوێکەوە ئامادە و لەڕێی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە، بڵاودەکرێتەوە، بەمانایەکی دیکە هەواڵ زانیاری نوێ و گوزارشتێکە لەبارەی ڕوداوێکەوە، مەرج نییە هەمو ڕوداوێکیش بکرێتە هەواڵ.

### ب- چارەسەری هەواڵییانە

چارەسەری هەواڵیانە لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لێی هەوڵدانێکی میدیاییە بۆ خستنەڕوی بابەتێکی هەواڵیی بەپاڵنەری دەستکاریکردن، شێواندن، بەلارێدابردن و چاوبەستەکی وەرگر، لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجێکی دامەزراوەکە. ئەمەش سیاسەتی دامەزراوە میدیاییەکە ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت.

### ج- تیرۆر

تیرۆر، دەربڕین و ڕەفتار و کردەوەی توندوتیژانەیە بە ئامانجی دروستکردنی کەشوهەوایەکی پڕ لەترس و تۆقین بەئامانجی سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئاینی و نەتەوەیی دیاریکراو ئەنجام دەدرێن و لە میانەیاندا بەرامبەر یاخود خەڵکی مەدەنی دەکرێنە ئامانج.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

### د- تیرۆری فیکری

تیرۆری فیکری وەک دیاردەیەک، لەم توێژینەوەیەدا بەوە پێناسەکراوە، کە شێوازێکی تیرۆرە و ئامانجی تێکدانی بیروباوەڕ و ڕەفتاری بەرامبەرە ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامراز و شێوازی مەعنەوی، کە کاریگەری لەسەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات دەکات و کاریگەری فیکری لەسەر هاووڵاتیان دروست دەکات.

### هـ- وێبسایتە هەواڵییەکان

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لێی ئەو سایتە ئەلیکترۆنیانەیە، کە هەر لەسەرەتاوە بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی میدیایی دامەزراون. ڕۆڵی سەرچاوەی هەواڵی دەگێڕن. بەوەدا دەناسرێنەوە، کە پەیکەرێکی کارگێری ڕێکوپێکیان هەیە، پشت بەکەسانی شارەزا لە بواری میدیا و ڕۆژنامەنوسی پیشەیی دەبەستن و لە بڵاوکردنەوەی بابەت و بەرهەمەکانیان، پەیڕەوی لەبنەماکانی کاری میدیایی و هونەرەکانی نوسینی ڕۆژنامەوانی دەکەن.

## ٢- توێژینەوەکانی پێشو

### ٢-١- توێژینەوەی (الهاشمی ٢٠٢٠ ) "أطر معالجة الصحافة العراقية للجماعات والأحداث الإرهابية وعلاقتها بمعرفة واتجاهات الجمهور نحو التنظيمات الإرهابية"

توێژینەوەی ماستەرە، لەلایەن توێژەری عێراقی "ريام واثق سالم الهاشمي" ئامادەکراوە. ئامانجی توێژینەوەکە شیکردنەوەی چوارچێوەی چارەسەری ڕوماڵی ڕۆژنامەوانیی عێراق بۆ گروپ و ڕوداوە تیرۆریستییەکانە. لەپێناو دەرخستنی ئەو پێوەرە پیشەییانەی لە چارەسەری ڕۆژنامەوانیانە بۆ ڕوماڵی ڕوداوە تیرۆریستییەکان لەبەرچاوگیراون. هەروەها هەوڵیداوە ئاراستەی ڕایگشتیی عێراق بۆ زانینی هەواڵی ڕۆژنامە ڕۆژنامەییەکانی عێراق لەماوەی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکەی بخاتەڕو. توێژینەوەیەکی وەسفییە و کاری لەسەر وەسفی تایبەتمەندی و مۆرکی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و دوبارەبونەوەی دیاردە جیاوازەکان کردوە. ڕێبازی ڕوپێوی بە هەردو شێوازی شیکاری و مەیدانی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەردو ڕۆژنامەی "الصباح و الزمان"ی عێراقی بوە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا، توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتوە، گرنگترینیان:

أ.- ڕوماڵی هەواڵیانەی ڕۆژنامە عێراقییەکان پەیوەستە بەڕەوشی ئەمنی وڵاتەکەیانەوە و وەرگرانی عێراقی بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ڕوداوە تیرۆریستییەکان پشت بەڕۆژنامەکان دەبەستن و پێگە ئەلیکترۆنییەکانی ئەو ڕۆژنامانەش بە بەدواداچونی زیاتر بەکاردەهێنن.

ب. ڕۆژنامەکان بۆ چارەسەری هەواڵیانەی پرسەکانی تایبەت بەتیرۆر و گروپە تیرۆریستییەکان چەندین جۆری ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانیان بەکارهێناوە و وەرگرانیش، دوای خوێندنەوەی هەواڵەکانی پەیوەست بەگروپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە ڕۆژنامە عێراقییەکان بەپلەی جیاواز کاریگەربون بە ناوەڕۆکی هەواڵەکان و لەبارەی لایەنە نەرێنییەکانی چارەسەری هەواڵیانەش بۆچونی جیاوازیان هەبوە. وەک ئەوەی لەڕوی مەیدانییەوە توێژەر شیکردنەوەی بۆ (٤٠٠) فۆرمی ڕاپرسییەکەی کردوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**٢-٢- توێژینەوەی (الأنصاری ٢٠١٩) "الإرهاب الفكري الأسباب.. الآثار..العلاج.. دراسة في ضو القران الكريم"**

توێژینەوەکە لەلایەن "عبدالصبور أحمد محمود الأنصاری" ئامادەکراوە. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە ناساندنی چەمک و خستنەڕوی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە بۆ چەمکی "تیرۆری فیکری" و ڕێگرتنە لە "توندڕەوەکان" بۆ بەکارهێنانی دەقە ئاینییەکان و پاساودانی کردەوە توندوتیژی و تیرۆریستییەکانیان. لەتوێژینەوەکەدا ڕێبازی "وەسفی شیکاری" بەکارهێنراوە و پشتی بە ئامرازی "هەڵهێنجاندن/ الاستنباط" لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز بەستوە. لە ئەنجامیدا توێژەر بەوە گەیشتوە، کە:

أ. هۆکارەکانی تیرۆری فیکری زۆرن و دیارترینیان "پەرگیری/ الغلو، توندڕەوی/ التشدید"ن و هەروەها نەزانی و لاسایکردنەوەی کوێرانە، گەندەڵی، بێکاری و هەژاری، هەبونی بۆشایی لە ژیان، ئەو کەناڵانەی ئاراستەکراون و دنەی توندڕەوی دەدەن و داهێزرانی سیاسی و تیرۆری وڵاتانی گەورە دژ بە وڵاتانی بچوک لە دیارترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرەن لە تیرۆر.

ب. چارەسەری تیرۆری فیکری بەوشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر و ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ هەڵگرانی بیری توندڕەوی و ڕاستکردنەوەی تێگەیشتنی هەڵەیان دەکرێت.

**٢-٣- توێژینەوەی (الجرباء ٢٠١٨)" (المعالجات الصحفية لقضايا الإرهاب في الصحافة السعودية (دراسة تحليل المضمون)"**

توێژینەوەی ماستەرە، لەلایەن "عبدالعزیز إبراهیم حمد الجرباء" کێشەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی پرسیارێکی سەرەکی خراوەتەڕو، کە بریتییە: "چارەسەری میدیایی بۆ پرسەکانی تیرۆر لە ڕۆژنامەگەری سعودییەدا چییە؟" ئامانجەکانی توێژینەوە لەسێ خاڵدا کورتکراوەتەوە، ئەوانیش:

أ. ناساندنی دیاردەی تیرۆر و چارەسەرکردنی میدیایی بۆ ئەو دیاردەیە لە ڕۆژنامەوانی سعودییەدا.

ب. دەستنیشانکردنی شێوەکانی کاری میدیایی بۆ چارەسەرکردنی میدیایی پرسەکانی تایبەت بە تیرۆر.

ج. ناسینی ئەو سەرچاوانەی ڕۆژنامەوانیی سعودییە پشتی پێبەستون بۆ بڵاوکردنەوەی پرسەکانی تایبەت بە تیرۆر.

لە توێژینەوەکەیدا، توێژەر پشتیی بەڕێبازی "وەسفی شیکاری" بەستوە و ئامرازی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک"ی بەکارهێناوە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانە بون:

أ. کردەی تیرۆریستی بەپلەی یەکەم لەو پرسانەی دیاردەی تیرۆر بوە، کە ڕۆژنامەکە کاری لەسەر کردوە. بە پلەی دوەم بایەخ و سەرنجی لەسەر "تیرۆری سیاسی" چڕکردوەتەوە. هەروەها جەختیکردوەتەوە، کە بەربڵاوترین ئامرازێک بەکارهێنرابێت بۆ کاری تیرۆریستیی دروستکردنی پشێوی بوە لە کۆمەڵگەدا.

ب. بۆ خستنەڕوی چارەسەری ڕۆژنامەوانیانە هەریەک لە جۆرەکانی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان بەکارهێنراون.

ج. ڕۆژنامەکە ئاراستەی هۆشیارکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی لای وەرگری گرتوەتەبەر بۆ بێزراندنی تیرۆر و دورکەوتنەوە لە ئاراستە توندڕەوییەکان.

د. لەڕوی سەرچاوەکانەوە دەرکەوتوە، بۆ پرسەکانی دیاردەی تیرۆر ئەو ڕۆژنامەیە پشتیی بەچوار سەرچاوەی سەرەکی بەستوە (سەرچاوە ڕەسمییەکان، پەیامنێرەکانی، ئاژانسە ناوخۆیی و جیهانییەکان، شیکەرەوە ناوخۆیی و بیانییەکان).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**٢-٤: توێژینەوەی (د. عبود، عبدالحمید ٢٠١٦) "أساس مكافحة الإرهاب الفكري"**

توێژینەوەکە، لەلایەن هەریەک لە "أ.م.د صعب ناجي عبود، زينب عبدالسلام عبدالحميد" ئەنجامدراوە. تێیدا توێژەران لەڕوانگەی یاساییەوە شەنوکەوی پرسی تیرۆری فیکریان کردوە، وەک لە پوختەی توێژینەوەکەشدا ئاماژەیان پێکردوە، میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەبرەودان بەو پرسە و بە بایەخەوە لە کۆی توێژینەوەکەدا هەڵوەستەیان لەسەر ڕۆڵی میدیا کردوە. ئامانجی توێژینەوەکە گەڕانە بەدوای بنەمای بەرەنگاربونەوە و بنبڕکردنی تیرۆری هزری و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانییەتی. لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، کە مەودای کاریگەری نەرێنی دیاردەی تیرۆری هزری لەسەر کۆمەڵگە چییە و ئایا ئەو جۆرە تیرۆرە چەند جۆر و شێوازی هەن و بنەمای بنبڕکردنی چین؟ لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی "وەسفی شیکاری" بۆ دەقە دەستوری و یاساییەکان بەکارهێنراوە و هەروەها بەراوردی واقیعی عێراق لەگەڵ میسر و فەرەنسا کراوە، بە ئاماژەکردن بۆ چەند بڕیارێکی دادوەری و بەراوردی بڕیارەکان کراوە.

توێژەران ژمارەیەک ئەنجامیان هەڵهێنجاندوە و لە گرنگترینیان:

أ. پێویستە لە نێوان ئازادی و کۆتوبەندکردنیدا، هاوسەنگییەک هەبێت و سنوری ئازادی سەرنەکێشێت بۆ پێشێلی مافی ئەوانی دیکە و سنوردارکردنیشی کاریگەری نەکاتە سەر مافی ڕادەربڕین. ئازادی ڕادەربڕین فراوانە و پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێت.

ب. تیرۆری هزری وابەستەیە بەبیرکردنەوەی مرۆڤ و مەودای سەلامەتی بیرکردنەوەکەی و پاراستنی لە توندڕەوی و توندوتیژی. کەسایەتییە ئاینییەکانیش ڕۆڵیان هەیە لە برەودان بەتوندوتیژی یان خاوکردنەوەی گرژییەکان.

ج. هاندان بۆ توندوتیژی یەکێکە لە شێواز و جۆرەکانی تیرۆری هزری، ئەمەش لە چەند ڕێگەیەکەوە دەکرێت. دیارترینیان ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بەشێوەیەکی گشتیی. بەو پێیەی ڕاگەیاندن دەسەڵات و کاریگەری لەسەر دەرون و مێشکی وەرگرانی هەیە و بە دەسەڵاتی چوارەم لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت هەژماردەکرێت.

هەروەها لە کۆی (١١) ڕاسپاردەی توێژینەوەکە، ژمارەیەکیان تایبەتن بە بواری ڕاگەیاندن، لەوانە:

أ. توێژەران بەپێویستی دەزانن سنورێک بۆ هاندان و برەودانی ڕاگەیاندن بە نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوێنی دابنرێت و چاودێری توند بخرێتە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕوبەڕوی سزا بکرێنەوە لە حاڵەتی بڵاوکردنەوەی پەیامی دنەدەر بۆ توندوتیژی و تیرۆری هزری.

ب. دامەزراندنی دامودەزگای تایبەت بە چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هۆڵەکانی سینەما و شانۆ و ڕێگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی دژن بەگیانی پێکەوەژیان.

ج. کاراکردنی ڕۆڵی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەوڵەت بۆ چاودێریکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لەحاڵەتی لادانیان بەرەو دنەدانی هزری توندوتیژی و دەمارگیری.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

## سەرنجی توێژەر لە بارەی توێژینەوەکانی پێشو:

توێژینەوەکانی پێشو بەرچاوڕونییەکی پێویست و گرنگبون بۆ توێژەر بۆ ڕونکردنەوەی ڕێگەی دەستنیشانکردنی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە و دیاریکردنی ئامانجەکان لەپێناو دەربازبون لە گشتێتی ئەو توێژینەوانە و بەئاکام گەیشتنی توێژینەوەیەکی نوێ. بەسەرنجدان لە پەیکەری توێژینەوەکان و کرۆک و ئەو ئەنجامانەی داویانە بە دەستەوە دەکرێت، لەچەند خاڵێکدا کۆی سەرنجی توێژەر لە بارەیانەوە بخرێتەڕو:

یەکەم: توێژینەوەکان بۆ دەستکەوتنی ئەنجامگیرییەکی زانستیانە پشتیان بەمیتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستوە .

دوەم: توێژینەوەکانی پێشو، بەگوێرەی جیاوازی شوێنکات، هەوڵیانداوە، لە پەیوەندی میدیا بەدیاردەی تیرۆر لە کۆمەڵگەی خۆیاندا بکۆڵنەوە. لەڕوی کاتەوە زۆربەی توێژینەوەکان لەیەکدییەوە نزیکن، بەڵام جوگرافیا و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیان جیاوازە.

سێیەم: پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکان گەڕانە بە دوای ڕەنگدانەوە و دەرخستنی کاریگەری میدیا لەسەر دیاردەی تیرۆر و ئاشکراکردنی شێوازی ڕوماڵ و وەڵامدانەوەی پرسیاری "چۆنێتی" ڕوماڵی کەناڵەکان بۆ دیاردەی تیرۆر.

چوارەم: لەڕوی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، زۆرتر پشتیان بە دروستکردنی خشتەی ڕونکردنەوە بۆ خستنەڕوی ئەو چەمک و دەستەواژانە بەستوە، کە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەکارهێنراون و ڕادەی دوبارەبونەوەیان خستوەتەڕو. کەمتر بایەخیان بەئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەجۆری "تێبینی توێژەر" داوە.

پێنجەم: لە توێژینەوەکانی پێشودا، کە توێژەر ئاماژەی پێکردون، زۆرتر بایەخ بە دیاردەی تیرۆر وەک چەمکە گشتیی و باوەکەی دراوە. توێژینەوەکان ئەو چەمکەیان ورد نەکردوەتەوە بۆ جۆرەکانی و زۆرتر توێژینەوەیان لەبارەی تیرۆر وەک کردەیەکی فیزیکی، کە خۆی لە کوشتن، تەقینەوە، وێرانکاری و توندوتیژی دەبینێتەوە کردوە.

شەشەم: ئەوەی ئەو توێژینەوانەی پێشو لە توێژینەوەی بەردەست جیادەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، لە گشتێتی دیاردەی تیرۆر دەربازبین و ئەو چەمکە وردبکەینەوە بۆ جۆرەکانی و لەناو جۆرەکانیشیدا، تیرۆری فیکری، دەستنیشان بکەین، کە لە هەرێمی کوردستان وەک دیاردەیەک لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی سایتە هەواڵییەکان دەرکەوێت. جیا لەوەش ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی تایبەتمەندێتی بواری میدیا، دەڕوانێتە ئەو دیاردەیە و جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشو، تەنیا لە ڕوانگەی یاسایی و ئاینییەوە لەو دیاردەیە ناکۆڵێتەوە، بەڵکو زانستیانە لەڕێی میتۆدی بەکارهێنراوی توێژینەوەکە هەوڵی خستنەڕوی ئەو چارەسەرە میدیاییە دەدات، کە دوان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەڕێی سایتەکانیانەوە بۆ دیاردەی تیرۆری فیکری خستویانەتەڕو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

## بەشی دوەم: تیرۆر. تیرۆری فیکری. چەمک و ناساندن

### یەکەم: چەمک و ناساندنی تیرۆر

#### ١- ناساندنی تیرۆر و بەکارهێنانی لە ڕوی زاراوە و چەمکەوە:

تیرۆر(Terror) وەک پراکتیککردن، قولاییەکی مێژویی هەیە. لێکۆڵەران دەیگەڕێننەوە بۆ ساڵانی نێوان (٦٦ – ٧٤)ی زاینی، کە گروپێکی جو، پێیان دەوترا "سیکاری" لە فەلەستین دژی کاربەدەستانی سەر بە ڕۆمانەکان کردەی کوشتن، سوتاندن و تۆقاندنیان بەکاردەهێنا. (پ. صادق ٢٠٠٦، ٢٧) تیرۆر چیدیکە وەک دیاردەیەکی پەیوەست بە جوگرافیایەکی دیاریکراو نەماوەتەوە، بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی جیهاگیری (Globalization)، کارتێکەرە دەرەکییەکان کاریگەرییان لەسەر کۆی پرسەکانی ژیانی ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی هەیە و تیرۆر دیارترینی ئەو دیاردانەیە، لەسنورێکی دیاریکراو نەماوەتەوە. (S.Rana 2011, 13) بەڵکو وەک دیاردەیەکی جیهانی، چەندێک لە ناوەندە سیاسییەکان کاری لەسەر دەکرێت؛ لە ناوەندە میدیاییەکان بەئەندازەیەکی پتر لە هەر کایەیەکی دیکە، گرنگی و بایەخی پێدەدرێت، چونکە "مەترسیی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری جیهان بەگشتیی و هەر وڵاتێک بەتایبەتی هەیە". (صدیق ٢٠١٦، ٤١)

#### 2- مانای تیرۆر لەڕوی فەرهەنگی و زمانەوانییەوە:

لەزمانی عەرەبییدا: کۆڕی زمانەوانی عەرەبی، وشەی "الإرهاب"ی بەچەمکێکی نوێ ناوبردوە. بنەڕەتی وشەکە لە (رَهَبَ)ەوە هاتوە، کە بە مانای "ترس" دێت. وشەی "إرهاب" چاوگی کرداری "أرهب"یە، کە بەمانای "ترس و تۆقین" دێت. (تامي ٢٠١٢، ١١٦) لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا بە مانای "ترس" هاتوە و تێیدا هاتوە: رهب: اي خاف. ورَهِبَ الشيئ: خافه". (ابن منظور ١٣٠٠هـ ٤٣٦) هەروەها لە فەرهەنگی "مختار الصحاح"دا هاتوە: "رَهِبَ: خافَ، أرهَبهُ و إسْتَرْهَبَهُ: أخافَهُ". (الرازي ١٩٨٩، ٢٢٧)

لەزمانی ئینگلیزیدا: لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا هاتوە: "Terror" وەک ناو: بە مانای هەستکردن بەترسێکی زۆر دێت. هەروەها بە مانای کاری توندوتیژانە، یان هەڕەشەکردن بە کردنی کارێکی توندوتیژانە دێت، کە بۆ مەبەستێکی سیاسی حاڵەتی ترس و تۆقین دروست بێت. تیرۆریزم "Terrorism" ناوێکە بۆ ئەو کردەوە توندوتیژانە بەکاردێت، بە ئامانجی سیاسی و بۆ ناچارکردنی حکومەتەکان بەکاردێت. (Oxford 2012, 1070)

#### ٣- واتای تیرۆر لەڕوی بەکارهێنانی چەمکەوە

هەمو کردەوەیەکی توندوتیژانە پێی ناوترێت تیرۆر ئەگەرچی کردەی توندوتیژانە و تاوانیش بن، (حبیب ٢٠٢١، ٣٧) ئەوەی تیرۆر لەو جۆرە کردەوانە جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە مەبەست و ئامانجی سیاسی هەیە. (عوض ١٩٩٩، ١١)

وڵات و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان پێناسەی جیاجیایان بۆ تیرۆر هەیە. نوسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدراڵی ئەمەریکا ناسراو بە "FBI" تیرۆر بۆ دو بەشی سەرەکی دابەشکردوە، ئەوانیش: یەکەم: تیرۆری نێودەوڵەتی: کردەی توندوتیژانە و تاوانکارییە، کە تاک یان گروپ و ڕێکخراو و وڵاتان ئەنجامی دەدەن، یاخود لەلایەن



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

ولاتانەوە سەرپەرشتی دەکرێت. دوەم: تیرۆری ناوخۆییە: مەبەست لێی ئەو کردەوە توندوتیژو تاوانکاریانەن؛ تاک، گروپ و ڕێکخراوی دیاریکراو بە ئامانجی ئایدۆلۆژی، یاخود کاریگەری خۆجێیی کە تایبەتمەندی و سروشتی سیاسی، ئاینی، کۆمەلایەتی، ڕەگەزی و ژینگەیی هەبێت ئەنجامی دەدەن.

### ٤ - جۆرەکانی تیرۆر

لەڕوی پۆلێنکردنی تیرۆرەوە ڕاجیایی هەیە، هۆکاری جیایی لە پۆلێنەکان بۆ هەبونی جیاوازی لە هۆکار و ناسنامەی ئەنجامدەرانی و ئامانجەکانی هەریەک لە کردەوە تیرۆریستییەکان دەگەڕێتەوە. دیارترینی ئەو پۆلێنکردنانە: دابەشکردنی تیرۆرە لەڕوی جوگرافییەوە بەسەر دو بەشی سەرەکیدا، ئەوانیش:

**أ-** تیرۆری ناوخۆیی: لەچوارچێوەی سنوری دەولەتدا دەکرێت. ئامادەکردنی پیلانەکەی، ئامادەکاری، پارەدارکردنی، بکەر و قوربانییەکانی هەر لە ناو سنوری ولاتەکەن. هاوکات تیرۆری ناوخۆیی کاریگەری لەسەر تیرۆری جیهانی دەبێت. (د. عمر ٢٠٢١، ١٥٠)

**ب-** تیرۆری نێودەولەتی: خەسلەتی نێودەولەتیبونی هەیە. ناسنامەی بکەرانی جیایە. لەڕوی پیلاندانان و پارەدارکردنەوە سنوری یەک ولاتی تێپەڕاندوە. دەشێت ئامانجی تێکدانی پەیوەندیی نێوان ولاتان بێت. (العدينات ٢٠١٨، ٤٢-٤٣)

## دوەم: ناساندنی تیرۆری فیکری لەڕوی زاراوە و چەمکەوە

### ١- لەڕوی زمانەوانییەوە:

لەفەرهەنگی "مختار الصحاح"دا فیکر بە مانای بیرکردنەوەی قوڵ (التأمل) هاتوە. (الرازي ١٩٨٩، ٤٤٨) تیرۆریش وەک لە ناساندنی لەڕوی زاراوە ئاماژەمان پێکردوە، بەمانای تۆقاندن و ترساندن لە فەرهەنگەکانی زماندا بەکارهێنراوە. هەردو دەستەواژەی تیرۆر و فیکر، بە لێکدراوی بە مانای تۆقاندن و ترساندن و داپڵۆسین لەڕوی مەعنەوییە دەگەیەنن.

### ٢- لەڕوی دەستەواژەییەوە:

چەمکی تیرۆری فیکری هەمو ئەو لادانی فیکری توندگیری و پەڕگیرییە دەگرێتەوە، کە بەبۆچون و بیروباوەڕ و ڕای دژبە بنەما و بەها بالاکان و نەریتی جوانی کۆمەلگە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، ئەوانی دیکە دەرفەتی دەربڕینی بۆچونی خۆیانیان نەبێت، لەڕێی هەژمونی ماددی و مەعنەوییەوە کار بۆ سەپاندنی ڕاوبۆچونەکانی خۆی دەکات. هەمو بۆچون سەپاندنێکیش دەکرێت نەچێتە چوارچێوەی تیرۆری فیکرییەوە، مەگەر ئەوانەیان نەبێت کە دژ بە بنەما و بەها و نەریتی باوی کۆمەلگەن. (فلمبان ٢٠٠٨، ٩٨)

تیرۆری فیکری، بەیەکێک لەجۆرە ترسناکەکانی تیرۆر هەژماردەکرێت. (اتويه ٢٠١٥، ١٢٥) و وەک دیاردەیەکی جیهانیی لە هەمو کۆمەلگەیەکدا بە پلەی جیاواز هەیە. دیاردەیەکی نوێ نییە و لەکۆنەوە لە کۆمەلگەکان هەبوە. (أ. جرار ٢٠١٦، ٤٧)، بەلام لە کۆمەلگەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا زیاتر دەرکەوتوە، چونکە کۆمەلگەکان ڕێژەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

داخراوییان بەرزترە وئاستی بێکاری و گەندەڵی بەڕادەیەکی بەرچاو تێیاندا بەرزە، کە ئەمانەش هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە. (أسعد ٢٠١٥)

## سێیەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆری فیکری

بەگوێرەی تایبەتمەندی و سروشتی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی، پەروەردەیی و ئابوری کۆمەڵگەکان و ئەو هەلومەرجە بابەتیی و خودیانەی کۆمەڵگە پێیاندا گوزەر دەکات، هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆری فیکری جیاوان.

### ١- هۆکارە بابەتییەکان:

**أ-** هۆکاری سیاسی: ئەمەش دابەش دەبێت بۆ دو ئاستی سەرەکی، یەکەم: لە ئاستی ناوخۆدا، بەڕێوبردنی سیاسیانەی نادادپەروەرانە، بونی جیاوازی، سەرکوتکاری، فەراهەمنەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و بونی جیاوازی لە نێوان سیستمی سیاسی ناوخۆ و سیستمی نێودەوڵەتی. دوەم: لە ئاستی نێودەوڵەتی، ئەو تیرۆرە فیکرییەی وڵاتانی بەهەژمون و زلهێز دژی وڵاتە لاوازەکان پەیڕەوی دەکەن. (ع. الأنصاري ٢٠١٩، ٨٣)

**ب-** هەبونی بۆشایی فیکری لە کۆمەڵگەدا: نەبونی تێگەیشتنێکی قوڵ لە ئاین و لاوازی کۆمەڵگە لەڕوی بیرکردنەوە و داخراوی کۆمەڵگە هۆکارن بۆ گەشەی ڕەوتە توندڕەوەکان و نەشونماکردنی بیری توندڕەوی تێیاندا. (اندرليني ٢٠١٧، ٢٣)

**ج-** قەیرانی کومەڵایەتی: کێشە کومەڵایەتییەکان، دواکەوتویی کۆمەڵایەتی، دابەشبونی کۆمەڵگە بەسەر پۆلێنی دواکەوتوانەی ناوچەگەری و خێڵ و نەبونی پەروەردەیەکی مەدەنی، هەروەها "هەڵوەشانەوەی خێزان، پچڕانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری نەرێنی کەسانی دەوروبەر" (ع. الأنصاري ٢٠١٩، ٨٢) هۆکارن بۆ دروستبونی ململانێی ناڕەوا و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی و بەکارهێنانی هەمو شێوازێک بۆ زاڵکردنی هەژمون و دیدگایەکی تایبەت بەسەر کۆمەڵگەدا.

### ٢- هۆکاری خودیی:

**أ-** هۆکارە سایکۆلۆژییەکان: ئەو هۆکارانەی کە کەسایەتی تاک توشی دابڕان، گۆشەگیری و ڕقلێبونەوە لە دەوروبەری دەکات. وەک کەسایەتییەکی نامۆ لە هەوڵی سەلماندنی بونی خۆیدایە. (ک. الأنصاري ١٤٣٧، ١٧٠) لەو پێناوەشدا هەمو ڕێگەیەک تاقیدەکاتەوە.

**ب-** دەمارگیری لە دەربڕینی بۆچوندا: داخراوی لە ڕوی فیکرەوە سەردەکێشێت بۆ دەمارگیری، دەمارگیریش هۆکارە بۆ توندڕەوی و پەڕگیری، هەردوکیشیان سەردەکێشن بۆ تیرۆر. (قاسم ٢٠٠٥، ٢٨) ڕەوتە فیکری، ئاینی، سیاسی و مەزهەبییەکان هەڵگری تایبەتمەندی جۆراوجۆرن. هەیانە لە بنچینەوە خاوەن دەمارگیرییەکی پەڕگیرانەن، لە دەرەوەی ئەو تێگەیشتنەی ڕەوتەکە هەیەتی، هیچ جۆرە لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی دیکە لە لای پەسندکراو نییە. (أ. محمد ٢٠٢١، ٥٤٩)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**ج-** تێگەیشتنی هەڵە و لاساییکردنەوەی بێچەندوچون: دەقە ئاینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریی و ئەدەبییەکان ڕەنگە لەبنەڕەتدا بۆ مەبەستێکی دادپەروەرانە، یاخود مرۆڤانە بەرهەمهاتبن، بەڵام تێگەیشتنی هەڵە و دەرهێنانیان لەچوارچێوەی مێژویی، زانستی، ڕوحیی ماناکانیان و بەخشینی مانای نوێ پێیان و وابەستەبون و جێبەجێکردنی ئەم جۆرە تێگەیشتنە و لاساییکردنەی بێ دەربەستانە ڕۆڵی دیاریان هەیە لە بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکری. لاساییکردنەوەی کەسەکان و شوێنپێهەڵگرتنیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەبەستی دەقەکان. (البُر ٢٠٢١، ٤٥)

## چوارەم: جۆرەکانی تیرۆری فیکری:

تیرۆری فیکری، لەبازنەی کردەوە تیرۆریستییەکانە. ئەوەی ئەم جۆرەیان جیادەکاتەوە، مەترسیدارێتییەکەیەتی چونکە قۆناغێکە و دەکەوێت پێش دەستپێکردنی کردەی تیرۆریستی و جۆرەکانی ئەمانەن:

**أ-** ڕەگەزپەرستیی: پۆلێنکردنی خەڵک لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک، خوێن، نەژاد، ڕەنگ، نەتەوە خەسڵەتی سەرەکی ئەم جۆرە تیرۆرە فیکرییەیە، کە بوەتە هۆی دەستپێکردنی پرۆسەی پاکتاوی نەژادی و کۆمەڵکوژی زۆر. (أ. جرار ٢٠١٦، ٥٢)

**ب-** تەکفیر و حوکم لەسەردانی پێشوەختە: هەوڵدانە بۆ سڕینەوەی کیان و بونی بەرامبەرەکە. هۆکارێکە بۆ پەرتەوازەیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان. (شقير ٢٠١٠، ١١٣) تەکفیر بڕوایەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرامبەر شیاوی ڕەزامەندی خودا نییە و دەرچوە لەو سنورەی خودا بۆ بەندەکانی دیارکردوە و لە ڕۆژی دواییدا سەرەنجامی ئەو دۆزەخە. (حمداوي ٢٠١٩، ٧)

ج- تائیفی و مەزهەبی: یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیرۆر وەک ئەوەی لیژنەی تایبەت بە تیرۆری نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان لە ڕاپۆرتی خۆیدا، کە لە (٢٩ی شوبات/ فێبرایەری ١٩٧٩)، بڵاویکردوەتەوە. (التل ١٩٩٨، ١٩)

## پێنجەم: شێوەکانی دەرکەوتن و پراکتیزەکردنی تیرۆری فیکری

تیرۆری فیکری، لە چەند شێوەیەکدا دەردەکەوێت و لایەنەکان لە دژی یەکدی بۆ تۆقاندن و نانەوەی پشێوی و تیرۆری کەسایەتی بەرامبەرەکانیان، سود لەم شێوە و ڕێگایانەی خوارەوە وەردەگرێت:

**أ-** سودوەرگرتن لە میکانیزمەکانی شەڕی دەرونی: بەتایبەتی بەبڵاوکردنەوەی دەنگۆ، پڕوپاگەندە و هەواڵی چەواشەکارانە و بەکارهێنانی پرۆسەی شۆردنەوەی مێشک. بە مەبەستی تێکدانی ڕەوشی گشتیی و نانەوەی پێشوی و نەمانی متمانە و لایەنداری و شوێنکەوتنی دەمارگیرانە و دەربڕینی لایەنگری ڕەها و دورکەوتنەوە لە بابەتیبون. (د. صالح ٢٠٠٨، ١٢٥)

**ب-** سنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین و هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی دەنگی جیا. (کامل ٢٠١٩، ١٠٥)

**ج-** چەواشەکردنی ڕاستییەکان: پیشاندانی وێنایەکی شێوێندراوی ئەو ڕاستیی و ڕوداو و ئامار و زانیارییانەی لەبەردەستدان .(د. صالح ٢٠٠٨، ١٣٦)

**د-** بەلاڕێدابردنی ڕایگشتیی و سەرقاڵکردنی بەبابەتی لاوەکی و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕوخێنەر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**هـ-** بەکارهێنانی سەرجەم ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیای نوێ بەمەبەستی چەواشەکاری و دوبارەکردنەوەی چەواشەکارییەکە بۆ ئەوەی لای وەرگر وەک ڕاستییەک دەربکەوێت. گۆڕینی ئاراستەی بابەتەکان دور لە گفتوگۆی لۆژیکیانە پشتبەستن بە خرۆشانی سۆزی وەرگر، لەپێناو چەواشەکردنی ڕایگشتیی. (ربح ٢٠٢٠).

## شەشەم: پەیوەندی نێوان تیرۆری فیکری و میدیا

پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی پتەو لە نێوان میدیا و تیرۆردا هەیە. ئەوەی تیرۆر دەیەوێت بەدەستیبهێنێت، لەڕێی خودی کردەوە تیرۆریستییەکەوە نییە، بەڵکو لەڕێی دەنگدانەوە و سەدای کردەوەکەیە لە میدیادا. تیرۆر زۆر سود لە میدیا دەبینێت بۆ برەودان بە مەبەستەکانی و بەکارهێنانی لەپێناو چەواشەکردنی ڕایگشتی لەلایەک و دامەزراوە ئەمنییەکان لەلایەکی دیکەوە. (سردوک ٢٠٢١، ١٥٠) ڕوماڵی میدیا بە تایبەتی پەخشی ڕاستەوخۆی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان، بۆچونی جیای لەبارەوە هەیە. یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی تیرۆر گەیشتنی پەیامەکەیەتی لەڕێگەی میدیاوە. (Borum 2007, 61) هەر بۆیە تیرۆر زۆر بەبایەخەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی میدیا، چونکە ئامانجی سەرەکی تیرۆر بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە. "تیرۆریستان ڕاگەیاندن بە هۆکارێکی گواستنەوەی پەیامەکان دەزانن بۆ ناوخۆ و دەرەوە. زۆرجار ڕاگەیاندن ڕوداوەکان گەورەتر لە ڕاستی پیشان دەدات و پیشاندانی کردەوە تیرۆریستییەکان دوبارەکردنەوەی پەیامی تیرۆریستانە لەبڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و ئەو ئامانجەی، کە مەبەستیانە" (پ. صالح ٢٠١٨، ٣٤).

## حەوتەم: دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان، وەک جوگرافیایەکی داگیرکراو، لەمێژوی دور و نزیکیدا ڕوبەڕوی تیرۆری فیکری بوەتەوە. بەتایبەتی ئەو تیرۆرە فیکرییەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەست، ئاراستەی کۆمەڵگەی کوردی کراوە. "تیرۆری فیکری پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە، شێوازی جۆراوجۆری هەیە، لە کوردستاندا دو جۆری سەرەکی پیادەکراوە، یەکەمیان بەرهەمی فاشیزمە دژی کورد و ئامانج لێی تیرۆری کەسایەتی و سڕینەوەی بوە. دوەمیان بەرهەمی ململانێی ناوخۆیی بوە و لە سەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید و ململانێی لەگەڵ منەوەرەکان دەستپێدەکات و تا ئێستا بەردەوامی هەیە". (هەورامی ٢٠٢٠)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەلومەرجی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی ناوچە کوردستانییەکان هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨). سلێمانی وەک ناوەندێکی سیاسی و ڕۆشنبیری جێی بایەخپێدانی ئینگلیزەکان بوە. لە هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا کاتێک عوسمانییەکان موسڵ بەجێدەهێڵن و ڕواندز دەکەنە پێگەی خۆیان و چاویان لە دوبارە گەڕانەوەیە بۆ تەواوی ناوچەکانی ویلایەتی موسڵ، لە سلێمانی ڕەوتێک پشتیوانی لە گەڕانەوەیان دەکەن و "ئەحمەد تەقی" دیارترین لایەنگرانی عوسمانی بوە لە شارەکە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

دەرکەوتنی دەستەواژەی "جلخوار" بۆ شکاندنی نەیاری سیاسی، ڕەنگە یەکەم دەرکەوتنی شەڕی دەرونی و تیرۆری فیکری بێت لە بەرامبەر نەیارە سیاسییەکاندا، لە فەزای سیاسی و ڕۆشنبیری کوردییدا لەو هەلومەرجەی سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهان و لە پانتاییەکی دیاریکراوی وەک سلێمانی، ڕەنگە کاریگەری گەورەی لەسەر کەسایەتی مەعنەوی لایەنگرانی عوسمانی دروست کردبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو چەمکە نەک تەنیا نوسین، بەڵکو چوە ناو ئەدەبەوە. بەشێک لە شاعیرانی ئەو سەردەمە لە شیعرەکانییاندا بەکاریان هێناوە.

لە ئاستی دەوڵەتیش، ئەگەرچی ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی سیستمی کۆماری (١٤ی تەمموز/ یۆلیۆی ١٩٥٨) خەڵکی کوردستان لە سەرکوتکاری دەسەڵاتی پادشایەتی ڕزگاربون، بەڵام هێندەی نەبرد بە هۆی دروستبونی ناکۆکییەکان، لە (١١ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ١٩٦١) جوڵانەوەی سیاسی کورد، شەڕی چەکداری لە دژی دەسەڵاتی کۆماری عێراق دەستپێکرد. لەناو جوڵانەوەکەدا ناکۆکی سیاسی دەستپێکرد. بە هەڵکشان و داکشانی ململانێ سیاسییەکان و ناکۆکی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تیرۆری فیکری لەپاڵ سەرجەم جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیدا بۆ ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و سڕینەوە و لەناوبردنی کەسایەتی مەعنەوی کارەکتەرەکانی جوڵانەوەکە و نەیارە سیاسییەکان بەکارهێنراوە. لەو چوارچێوەیەشدا زمان و بەرهەمی ئەدەبی ڕۆڵێکی بەرچاویان پێدراوە بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە سیاسییانە بەدیبێن، کە لە هەناوی تیرۆری فیکریدا دەستنیشان کراون. بەو پێیەی زمان کاری گەیاندنە و ئامادەباشی هزری دەکات و بۆ تێگەیشتن و وەرگرتن و چەسپاندنی هەڵوێست بەکاردێت. (خورشید ٢٠١١، ١٨)

## بەشی سێیەم

## لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

### ئەنجامی شیکاری توێژینەوە

لەم بەشەدا، ئەنجامی توێژینەوەی شیکاری لەڕوی شێوە و ناوەڕۆک بۆ هەواڵەکانی هەر دو وێبسایتی (K24) و (NRT) دەخەینەڕو، کە ماوەی یەک ساڵی دەستکرد بە سامپڵ وەرگیراوە و لەنێوان (١ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ٢٠٢٠) تا (١ی ئەیلول/ سێپتێمبەری ٢٠٢١)، لەهەر مانگێکدا هەفتەیەک بەشێوەی زنجیرەیی بەدوای یەکداهاتو وەک سامپڵی دەستنیشانکراو وەرگیراوە و تێیدا زۆرینەی ڕەهای هەواڵەکانی هەردو سایت دەستنیشان کراون و کۆی گشتی (1169) هەواڵ سامپڵی توێژینەوەکەن و لەو ژمارەیە (٦١٣) هەواڵیان لە وێبسایتی (K24) بڵاوکراونەتەوە و (٥٥٦) هەواڵیان لە وێبسایتی (NRT) بڵاوکراونەتەوە. ئەم بەشە بەسەر دو تەوەری سەرەکیدا دابەشکراوە، ئەوانیش:

١- لەڕوی فۆرم و ڕوخسارەوە: لەم بوارەدا بە تایبەت کار لە سەر فۆرم و ڕوخساری ئەو دەقە هەواڵییانە کراوە، کە بڵاوکراونەتەوە و شێوازی خستنەڕویان خراوەتەڕو. لە ئەندازە و قەبارە و ناونیشان و سەرچاوەکانیان و شێوازی داڕشتنیان و جوگرافیای ڕودانیان خراوەتەڕو.

٢- لەڕوی ناوەڕۆکەوە: کار لەسەر چۆنێتی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان و ئاراستەی چارەسەری میدیایی بۆ هەواڵ و ڕوداوەکان و ڕەنگدانەوەی تیرۆری فیکری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان کراوە و وردەکاری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

دوبارەبونەوەی ئەو چەمک و دەستەواژانە خراوەتەڕو، کە لەدەقی هەواڵەکاندا بەکارهێنراون و ئاراستەی بەکارهێنانیان ڕونکراوەتەوە.

**یەکەم: لەڕوی فۆرم و ڕوخسارەوە،** بەخشتە وردەکاری شێوە و تایبەتمەندیی چارەسەری هەواڵیانە لەڕوی شێوە و ڕوخسارەوە خراوەتەڕو.

## ١- قەبارەی هەواڵەکان بەگوێرەی درێژی و کورتی دەقەکانیان:

وەک لەئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکان دەردەکەوێت، زۆرینەی ڕەهای هەواڵەکانی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە هەواڵی کورتن و هەواڵسازەکان لەبەدواداچون بۆ ڕوداو و بابەتە هەواڵییەکان بایەخیان بەوردەکاری و گەیشتن بەوردەکاری زیاتری هەواڵەکان نەداوە. بەجۆرێک لە وێبسایتی K24 لە کۆی گشتیی سامپڵی وەرگیراو ٨٣,٣٦%ی هەواڵەکان کورتن و تەنیا لە ١٦,٦٤% وردەکاری هەمەلایەن و بەدواداچونی وردن، لەو ڕێژەیەش بەشێکی بەرچاویان ئەو ڕاگەیەندراو، بەیاننامە، ڕونکردنەوانە هاوپێچ کراون، کە لەلایەن دامەزراوە و ناوەندە ڕەسمییەکان دەرچونە و کراونەتە پاشکۆی هەواڵەکان.

بەهەمان شێوە لە وێبسایتی NRT ئەگەرچی بەراورد بە وێبسایتی K24 ڕێژەی هەواڵی درێژ زیاترە و لە کۆی ٥٥٦ هەواڵی سامپڵی وەرگیراو ٢٨,٩٥% هەواڵی درێژن و ٧١,٠٥% هەواڵی کورتن، بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبونی ڕێژەی هەواڵە درێژەکان دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەقی سەرجەم ئەو لێدوان، وتار، ڕاپۆرت، بەیاننامە، ڕاگەیەندراو، ڕونکردنەوانەی لایەن، ناوەند و دامەزراوەکان دەریانکردوە، هەروەها ئەو پۆستانەش، کە کەس و لایەنەکان لەڕێی ئەکاونت و پەیجەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویان کردوەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١)

خشتەی ژمارە (١)

قەبارەی هەواڵەکان بەگوێرەی درێژی و کورتی دەقەکانیان پیشان دەدات

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەواڵی درێژ | ١٠٢ | 16.64 | 161 | 28.95 | ٢٦٣ | ٢٢,٤٩ |
| هەواڵی کورت | ٥١١ | 83.36 | 395 | 71.05 | ٩٠٦ | ٧٧,٥١ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٢- جۆری سەرچاوەی زانیاری هەواڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە:

بەگوێرەی ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکان، هەردو کەناڵ بەڕێژەی بەرچاو لەبەشێکی هەواڵ و زانیارییەکانیان پشتیان بەسەرچاوەی نارەسمی بەستوە، کۆی گشتیی ڕادەی پشتبەستنی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە بە سەرچاوەی ڕەسمی، ٤٣,٩٦%ە، واتە بۆ هەردو سامپڵەکە ڕێژەکە لە خوار ٥٠%یە. بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

پێچەوانەوە، زۆرینەی کۆی گشتیی هەواڵی سامپڵەکانی وەرگیراو واتە ٥٦,٠٤% پشتیان بە سەرچاوەی ناڕەسمی بەستوە.

بەراورد بە یەکدی، خشتەی ژمارە (٢) بەوردیی ڕادەی پشتبەستنی هەریەک لە وێبسایتی K24 و NRT بەسەرچاوەی زانیارییەکان پیشاندەدات و وەک دەرکەوتوە سایتی K24 بەرێژەی ٥٨,٠٨% پشتی بەسەرچاوەی ڕەسمی بەستوە، بەو پێیەی کەناڵەکە تاڕادەیەکی زۆر بایەخ بە ڕوماڵی بابەت وهەواڵە ڕەسمییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات و زۆرینەی ڕەهای هەواڵ و چالاکییەکانی کابینەکە ڕوماڵ دەکات، هاوکات شانبەشانی وێبسایتی ڕەسمی حکومەتی هەرێم، هەواڵ و زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی حکومەت و هەڵوێستەکانی بڵاودەکاتەوە. لەبەرامبەردا، وێبسایتی NRT تەنیا بەرێژەی ٢٨,٤١% لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیدا پشتی بە زانیاری ڕەسمی بەستوە و بەرێژەی ٧١,٥٩ پشتی بە زانیاری و سەرچاوەی ناڕەسمی بەستوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢)

**خشتەی ژمارە (٢)**

**جۆری سەرچاوەی زانیاری هەواڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| سەرچاوەی ڕەسمی | ٣٥٦ | 58.08 | 158 | 28.41 | ٥١٤ | ٤٣,٩٦ |
| سەرچاوەی ناڕەسمی | ٢٥٧ | 41.92 | 398 | 71.59 | ٦٥٥ | ٥٦,٠٤ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٣- جۆر و شێوەی ئەو زانیارییەی لە هەواڵەکاندا بڵاوکراونەتەوە:

لە شیکردنەوەی زانیارییەکاندا، گێڕانەوەی زانیارییەکان پۆلێنکراون بۆ گێڕانەوەی (زانیاری، بۆچون، لێدوان، ڕوداو). شێوازی گێڕانەوەی زانیارییەکان و پێکهاتەیان بایەخێکی گرنگی هەیە لە ناسینی جۆری ئەو هەواڵەی سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوە بڵاویان کردوەتەوە. وەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت کۆی گشتیی سەرجەم هەواڵی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە بەرێژەی لە ٣٤,٦٥%ی هەواڵە بڵاوکراوەکان بۆچونن، واتە زانیاری نین و بۆچونی کەس، لایەن، دامەزراوەکانە لەبارەی ڕوداو و هەواڵەکانەوە.

لە کۆی گشتیی سەرجەم هەواڵی هەردو سایتەکە، تەنیا ڕێژەی ٧,٦٩%ی هەواڵەکان لەشێوەی گێڕانەوەی زانیارین. ئەمەش کەمترین ڕێژەیە، کە لە کۆی گشتیی ١١٦٩ هەواڵی هەردو سایتدا بەرجەستە بوە. هەروەها ڕێژەی ٣٢,١٧%ی هەواڵە بڵاوکراوەکان گێڕانەوەی ڕوداوەکانن و لەوەشدا بەشێکی بەرچاویان گێڕانەوەکان بە یەک ئاراستەدان و گێڕانەوەی جیاجیا نەخراوەتەڕو. هەروەها بەرێژەی ٢٥,٤٩%ی هەواڵەکان پێکدێن لە گێڕانەوەی لێدوانەکان. ئەگەر بەجیا سەیری ئەنجامی خشتەکە و جۆری پێکهاتەی هەواڵی هەریەک لەو دو سایتەی وەک سامپڵ وەرگیراون بکەین، دەبینین، لە وێبسایتی K24دا هەواڵی گێڕانەوەی زانیاری بەرێژەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

٧,٩٩%یە و ئەمەش کەمترین ڕێژەیە، لە کاتێکدا، گێڕانەوەی ڕوداو بەڕێژەی ٣٧,٣٥%ـەو بەشێکی بەرچاوی ئەم ڕێژەیەش هەواڵی دەرەکییە. لە گێڕانەوەی بۆچوندا وێبسایتی K24 بەراورد بە وێبسایتی NRT ڕێژەکەی کەمترە و ٢٧,٥٦%ـە، لە کاتێکدا وێبسایتی NRT لە گێڕانەوەی بۆچوندا لە پێشەوەیە و ڕێژەکەی ٤٢,٤٥%ـە و ئەمەش دەریدەخات، ژینگەی ڕەخساو بۆ دەرکەوتنی تیرۆری فیکری زیاتر بەرجەستەیە. هاوکات لە وێبسایتی NRT گێڕانەوەی زانیاری بەڕێژەی ٧,٣٨%، گێڕانەوەی لێدوان بەڕێژەی ٢٣,٧٤% و گێڕانەوەی ڕوداوەکان ڕێژەی ٢٦,٤٣%یە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

**خشتەی ژمارە (٣)**

**جۆر و شێوەی ئەو زانیارییەی لە هەواڵەکاندا بڵاوکراونەتەوە دەخاتەڕو**

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەواڵی گێڕانەوەی زانیاری | 49 | 7.99 | 41 | 7.38 | ٩٠ | ٧,٦٩ |
| هەواڵی گێڕانەوەی بۆچون | 169 | 27.56 | 236 | 42.45 | ٤٠٥ | ٣٤,٦٥ |
| هەواڵی گێڕانەوەی لێدوان | 166 | 27.07 | 132 | 23.74 | ٢٩٨ | ٢٥,٤٩ |
| هەواڵی گێڕانەوەی ڕوداو | 229 | 37.35 | 147 | 26.43 | ٣٧٦ | ٣٢,١٧ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٤- شێوازی داڕشتنی هەواڵەکان:

وەک لەئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکان دەردەکەوێت، لە کۆی گشتیی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوە شێوازی داڕشتن بەهەرەمی هەڵگەڕاو لە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی ٧٤,٨٦%ی هەواڵەکان بەو شێوازە داڕێژراون، بەو پێیەی شێوازێکی ئاسانە و لە سەرەتاوە پەیام و مەبەستی نێرەر بەڕونی دەردەخات و ئەوەی سەرچاوە هەواڵییەکە پێی گرنگە بەگوێرەی پێوەر و بەهاکانی هەڵبژاردنی هەواڵ دایدەنێت و بە دوایدا زانیارییەکان ئاستی بایەخیان کەمدەبێتەوە. لە پلەی دوەمدا ئەو هەواڵانە دێن، کە بە هەرەمی ئاسایی بە لیدەوە داڕێژراون و ڕێژەکەیان ١٧,٨٧%ـە و ئەمانیش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوەی لید هەیە لە دەستپێکی هەواڵەکە، هەواڵساز پوختەی گرنگترین زانیارییەکان بەپێوەری دەزگاکەی دادەنێت و دواتر دەقی هەواڵەکە بەهەرەمی ئاسایی دەگێڕێتەوە. ئەمەش زۆرتر بۆ ئەو هەواڵانە بەکارهێنراوە، کە دەقی بەیاننامە، ڕاگەیەندراو، ڕونکردنەوە، یان پەیامی کەسایەتی و دامودەزگاکانە. ئەگەر هەردو ڕێژەی پلەی یەکەم و دوەم کۆبکەینەوە، واتە بەڕێژەی ٩٢,٧٣%ی هەواڵی هەردو سایتەکە زەمینەی ئەوەیان ڕەخساندوە، پەیام و مەبەستی سایتەکان لەدەستپێکی هەواڵەکان بگاتە وەرگر. لە پلەی سێیەمیشدا بەڕێژەی ٧,٢٧% ئەو هەواڵانە دێن، کە بە شێوازی هەرەمی ئاسایی داڕێژراون و بەشێک لەم هەواڵانە هەواڵی وەزارەت و دامودەزگا خزمەتگوزاریی و ڕەسمییەکانە، کە سایتەکان پشتیان بە کۆپیکردن و پەیست کردنیان بەستوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

لە ئاستی هەریەک لە کەناڵەکاندا خشتەی ژمارە (٤) ڕونیکردوەتەوە، لە ویبسایتی K24 بەڕێژەی ٧٨,٣٠%ی هەواڵەکان بە هەرەمی هەڵگەڕاو داڕێژراون و لە پلەی دوەمدا شێوازی هەرەمی ئاسایی بە لیدەوە دێت، کە ڕێژەکەی ١٥,٧٦% ـە و لە پلەی سێیەمیشدا ٦,٠٣% هەواڵەکان بە قاڵبی هەرەمی ئاسایی داڕێژراون. هەرچی ویبسایتی NRTیە ئەگەرچی ڕیزبەندی شێوازی دارشتنی هەواڵەکانی هاوشێوەی ویبسایتی K24ـە بەڵام لە زۆری و کەمی ڕێژەکاندا جیاوازییان هەیە. لەپلەی یەکەمدا بەهەمان شێوە شێوازی هەرەمی هەڵگەڕاو بەڕێژەی ٧١,٠٥% دێت و لە پلەی دوەمدا شێوازی هەرەمی ئاسایی بە لیدەوە بەڕێژەی ٢٠,٣٢% دێت، بەو پێیەی سایتەکە زۆر بایەخی بە زۆرێک لەو بەیاننامە، ڕاگەیەندراو، تەنانەت پۆستی کەسایەتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوە و دەقی پۆستەکانی وەرگرتوە و وەک هەواڵ مامەڵەی لەگەڵ کردون. لە پلەی سێیەمیشدا بەڕێژەی ٨,٦٣% ئەو هەواڵانە دێن، کە بە هەرەمی ئاسایی داڕێژراون. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤).

**خشتەی ژمارە (٤)**

**شێوازی داڕشتنی هەواڵەکان ڕون دەکاتەوە**

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەرەمی ئاسایی | 37 | 6.03 | 48 | 8.63 | ٨٥ | ٧,٢٧ |
| هەرەمی هەڵگەڕاو | 480 | 78.30 | 395 | 71.05 | ٨٧٥ | ٧٤,٨٦ |
| هەرەمی ئاسایی بە لیدەوە | 96 | 15.67 | 113 | 20.32 | ٢٠٩ | ١٧,٨٧ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## دوەم: لە ڕوی جۆری ناوەڕۆک و زمان و داڕشتنی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە:

### ١- جۆری ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە ڕوی بابەتەوە:

وەک لە ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکان دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم هەواڵە سیاسییەکان دێن، و بەڕێژەی ٤٤,٣٢%ی هەواڵەکان لە ویبسایتەکاندا سیاسیی بونە. لە پلەی دوەمدا بەڕێژەی ٢٢,٦٧%ی هەواڵەکان تایبەتن بە بواری ئەمنی و سەربازیی. لە پلەی سێیەمدا بەڕێژەی ١٥,٦٦%ی هەواڵەکان ئابوریین و لە پلەی چوارەمیشدا هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێژەی ١٠% دێن. هەواڵە ئایینی، هەمەڕەنگ، زانستییەکانیش لە پلەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم دێن و هەواڵە کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان بەڕێژەی ٠,١٨% کەمترین بایەخیان پێدراوە.

لە ئاستی هەریەک لە سایتەکاندا، سایتی K24 لە پلەی یەکەم بایەخی بە هەواڵە سیاسییەکان داوە و ڕێژەی ٣٩,٣٢%ی هەواڵەکانی سیاسیین و توێژەر تێبینی کردوە، بەشێکی بەرچاوی هەواڵە سیاسییە ناوخۆییەکانی پەیوەستن بە چالاکییە دیپلۆماتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە. لە پلەی دوەمدا سایتەکە بایەخی بە هەواڵی ئەمنی و سەربازیی داوە و ڕێژەی ٣٣,١٢%ی هەواڵەکانی لەو بوارەدان و لەوەشدا بایەخی زۆری بەڕوماڵی کردەوە تیرۆریستییەکان و هەواڵی دەستگیرکردنی تۆمەتباران و شەڕ و ڕوبەڕوبونەوە چەکدارییەکان لە عێراق و سوریا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

داوە. لە پلەی سێیەمدا هەواڵە ئابورییەکان بەڕێژەی ١٢,٠٧% دێن و سایتەکە زۆرێک لە پرۆژە ئابوریی و خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی بەبایەخەوە بڵاوکردونەتەوە. لە پلەی چوارەمدا سایتەکە بەڕێژەی ٧,٨٣ بایەخی بە هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان داوە. بەشێک لەو هەواڵانەش چالاکیی و ڕاگەیەندراو و ڕونکردنەوەی پەیوەست بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەک و هاوکاری دامەزراوە خێرخوازییەکانە. پاشان هەریەک لە بابەتەکانی ئاینی بەڕێژەی ٣,١٠%، زانستی ٢,٤٤%، هەمەڕەنگ ٢,١٢% دێن و لە پلەی کۆتایشدا هەواڵە کولتوریی و ڕۆشنبیرییەکان دێت، کە سایتەکە هیچ بایەخێکی بۆ دانەناون.

لە بەرامبەردا وەک خشتەی ژمارە (٥) ڕونیکردوەتەوە، سایتی NRT هاوشێوەی K24، بە شێوەی سەرەکی بایەخی لە پلەی یەکەمدا بۆ هەواڵە سیاسییەکان بوە و ڕێژەی ٤٩,٨٣%ی بابەتەکانی سیاسیین. توێژەر تێبینی کردوە، بەشێکی بەرچاو لە هەواڵە ناوخۆییەکانی سیاسیین و سایتەکە بایەخی بەململانێی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەک و هەرێمی کوردستان و بەغدا لەلایەکی دیکەوە داوە. لە پلەی دوەمدا بایەخی سایتەکە بۆ هەواڵە ئابورییەکانە و ڕێژەی ١٩,٦١%ی هەواڵەکانی ئابورین و بەشێکی بەرچاوی ئەو هەواڵانەش، پەیوەستن بە بابەتەکانی موچە و بودجە و ناکۆکی هەولێر و بەغدا لە بارەی ئەو پرسە ئابورییانەوە. هاوکات جێی تێبینییە، کە ڕێژەی هەواڵی سیاسی زیاتر لە دو ئەوەند و نیوی هەواڵی ئابورییە، کە لە پلەی دوەمدایە. لە پلەی سێیەمدا، سایتەکە بایەخی بە هەواڵە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێژەی ١٢,٤٢% داوە، توێژەر سەرنجی داوە بەشێک لەو هەواڵە کۆمەڵایەتییانە پەیوەستن بە تاوانە کۆمەڵایەتییەکان و خۆکوشتنەوە، کە لە سایتی K24 بایەخی ئەوتۆیان پێنەدراوە. لە پلەی چوارەمدا هەواڵەکانی ئاسایش و سەربازی دێن، کە ڕێژەیان ١١,١٦%یە و ئەمەش پێچەوانەی بایەخدانی بەرچاوی سایتی K24ە بەو بوارە. لە پلەکانی کۆتاییدا، بەڕێژەی کەمتر لە ٥%، هەریەک لە هەواڵە ئایینی، هەمەڕەنگ، زانستیی، کولتوری ڕۆشنبیرییەکان دێن. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

**خشتەی ژمارە (٥)**

**جۆری ناوەڕۆکی هەواڵەکان لەڕوی بابەتەوە دەخاتەڕو**

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سیاسی | 241 | 39.32 | 277 | 49.83 | ٥١٨ | ٤٤,٣٢ |
| ئابوری | 74 | 12.07 | 109 | 19.61 | ١٨٣ | ١٥,٦٦ |
| کۆمەڵایەتی | 48 | 7.83 | 69 | 12.42 | ١١٧ | ١٠,٠٠ |
| ئاسایش و سەربازی | 203 | 33.12 | 62 | 11.16 | ٢٦٥ | ٢٢,٦٧ |
| ئایینی | 19 | 3.10 | 23 | 4.13 | ٤٢ | ٣,٥٩ |
| کولتوری و ڕۆشنبیری | 0 | 0 | 2 | 0.35 | ٢ | ٠,١٨ |
| هەمەڕەنگ | 13 | 2.12 | 8 | 1.43 | ٢١ | ١,٧٩ |
| زانستی | 15 | 2.44 | 6 | 1.07 | ٢١ | ١,٧٩ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

| كۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |
|---|---|---|---|---|---|---|

## ٢- ئاستی بابەتیبون لە هەواڵ و ڕادەی پابەندی بە بنەما پیشەیی و یاسایی و ئیتیكییەكانی كاری میدیایی:

وەک لە ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەكان دەردەكەوێت، كۆی گشتی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەكە بەرێژەی ٨١,٩٥% پابەندی بنەما ئیتیكی و یاساییەكانی داڕشتنی هەواڵیان كردوە، لە بەرامبەردا هەردو سامپڵەكە بەرێژەی ١٨,٠٥%ی هەواڵەكانیان ڕەچاوی بنەما ئیتیكی و یاسایی و پیشەییەكانی كاری میدیایی بەگشتیی و هونەری داڕشتنی هەواڵیان نەكردوە، كە ئەم ڕێژەیەش ڕاستە بەراورد لەگەڵ ڕادەی پابەندبون كەمە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سەنگ و پێگەی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەكە ڕێژەیەكی زۆرە. وێبسایتی K24 لەڕوی پابەندییەوە ڕێژەیەكی بەرزتری لە سامپڵی دوەمی توێژینەوەكە هەیە و بەرێژەی ٩٢,٠١% لە داڕشتنی هەواڵەكاندا پابەندبونی بە بنەما پیشەیی و ئیتیكی و یاساییەكان پیشانداوە و تەنیا ٧,٩٩%ی هەواڵەكانی توێژەر تێبینی كردوە، كە لە بنەما ئیتیكی و پیشەیی و یاساییەكان لایداوە. لە بەرامبەردا وێبسایتی NRT ڕێژەی پابەندبونی كەمترە و بەرێژەی ٧٠,٨٧%ی هەواڵەكانی پابەندبونی پێوەدیارە و بەرێژەی ٢٩,١٣%ی هەواڵەكانی پابەندبون بە بنەما پیشەیی و یاسایی و ئیتیكییەكانی كاری میدیایی نابینرێت. ئەمەش ڕێژەیەكی زۆرە و ئەو لادانە لە بنەما پیشەیی و یاسایی و ئیتیكییەكان ڕێگەخۆشكەرە بۆ دەركەوتن و گەشەكردنی تیرۆری فیكری لە ناوەڕۆكی هەواڵەكاندا. بڕوانە خشتەی ژمارە (٦).

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ئاستی بابەتیبون لە هەواڵ و ڕادەی پابەندی بە بنەما پیشەیی و یاسایی و ئیتیكییەكانی كاری میدیایی ڕون دەكاتەوە**

| سایتەكان / هەواڵەكان | K24 | | NRT | | كۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| پیشەییانە داڕێژراوە (ڕەچاوی بنەما یاسایی و ئیتیكییەكانی كردوە) | 564 | 92.01 | ٣٩٤ | ٧٠,٨٧ | ٩٥٨ | ٨١,٩٥ |
| ناپیشەییانە (ڕەچاوی بنەما یاسایی و ئیتیكییەكانی نەكردوە) | 49 | 7.99 | ١٦٢ | ٢٩,١٣ | ٢١١ | ١٨,٠٥ |
| كۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | 556 | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٣- ئاراستەكانی هەواڵ و ڕادەی هاوسەنگبون و لایەنداری و ناكۆكبونیان لەگەڵ سیاسەتی تەحریر:

وەک لەدەرهێنانی ئەنجامی زانیارییەكان دەردەكەوێت، لە كۆی گشتیی هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەكەدا، بە پلەی یەكەم و بەرێژەی ٦٦,١٣%ی هەواڵەكان لایەندارانە داڕێژراون و مەیلدارییان بۆ ئەو كەس و لایەن و بابەتانە هەیە، كە خزمەتی ئەجێندا و ستراتیژیی سایتەكە دەكەن. لەپلەی دوەمدا و بەرێژەی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

%٢٠,٦٢ی هەواڵەکان دژبەرانە داڕێژراون و ڕاستەوخۆ وەرگر هەست بە بونی ناکۆکی و دژایەتی لە بەرامبەر کەس، پرس و لایەنێکدا دەکات. لە پلەی سێیەمیشدا بەرێژەی %١٣,٢٥ی هەواڵەکان هاوسەنگییان تێدا بەدیکراوە. لە ئاستی هەریەک لە سامپڵەکاندا، خشتەی ژمارە (٧) ڕونیکردوەتەوە، کە لە وێبسایتی K24 بە پلەی یەکەم و بەرێژەی زۆرینەی %٨٦,٧٩ی هەواڵەکان لایەندارانەن. ئەمەش زۆرتر لە هەواڵە ناوخۆییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. لە پلەی دوەمدا بەرێژەی %٨,٦٤ی هەواڵەکانی هاوسەنگانەن و زۆرتر لە هەواڵە دەرەکییەکان ڕەنگیداوەتەوە، وەک ئەوەی توێژەر تێبینی کردوە. لە پلەی سێیەمیشدا بەرێژەی ٤,٥٧ی هەواڵەکان ناکۆک و دژایەتییان لەخۆگرتوە، ئەم جۆرە هەواڵانە و هەواڵی لایەندارانە کە زۆرینەی ڕەهای هەواڵەکان پێکدەهێنن، ژینگەیەکی گونجاون بۆ دەرکەوتنی تیرۆری فیکری. سەبارەت بەوێبسایتی NRT، بە پلەی یەکەم هاوشێوەی سامپڵی یەکەمی توێژینەوەکە، سایتەکە هەواڵی لایەندارانەی بڵاوکردوەتەوە و ڕێژەیان گەیشتوەتە %٤٣,٣٤ی کۆی گشتیی سامپڵی هەواڵەکان، ئەم ڕێژەیەش بەراورد بە وێبسایتی K24 ئەگەرچی کەمترە، بەڵام لە پلەی دوەمدا جیاوازییەکە زۆرتر دەردەکەوێت و بەگوێرەی خشتەکە %٣٨,٣١ی هەواڵەکان ناکۆک و دژبەرانە ئامادە و بڵاوکراونەتەوە. ئەم جۆرە هەواڵانە زەمینەیەکی لەباریان بۆ دەرکەوتنی تیرۆری فیکری ڕەخساندوە. لە پلەی سێیەمدا بەرێژەی %١٨,٣٥ی هەواڵەکان هاوسەنگانە داڕێژراون و وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەواڵسازان هەوڵیانداوە ئەو هاوسەنگییە بە پەرەگراف یان دێڕێک بەدیبهێنن و ئەو هەوڵەشیان خستوەتە کۆتایی هەواڵەکانەوە و پەراوێزیان خستوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٧).

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ئاراستەکانی هەواڵ و ڕادەی هاوسەنگبون و لایەنداری و ناکۆکبونیان لەگەڵ سیاسەتی تەحریر دەخاتەڕو**

| سایتەکان / هەواڵەکان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناکۆک و دژ | 28 | 4.57 | ٢١٣ | ٣٨,٣١ | ٢٤١ | ٢٠,٦٢ |
| لایەندار و دۆستانە | 532 | 86.79 | ٢٤١ | ٤٣,٣٤ | ٧٧٣ | ٦٦,١٣ |
| هاوسەنگانە | 53 | 8.64 | ١٠٢ | ١٨,٣٥ | ١٥٥ | ١٣,٢٥ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٤- ڕادەی بەکارهێنانی دەستەواژە بارگاوییەکان لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان:

لە خشتەی ژمارە (٨)دا کە لە خوارەوە خراوەتەڕو، بەشێک لەو دەستەواژە بارگاویانە دەستنیشانکراون، کە لە دەقی هەواڵەکاندا دوبارەکراونەتەوە. هەریەک لەو دەستەواژانە بەدەر لەمانا ڕوکارییەکەیان ئاماژەن بۆ جیاوازی ڕوانگە و بیرکردنەوەی سەرچاوەی هەواڵەکان و هەواڵسازان لەڕێگەیانەوە ویستویانە لە لایەک ئەجێندای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

سیاسی، ئابوری، كۆمەڵایەتی و ئایینی كەناڵەكانیان جیێبەجێ بكەن و لەلایەكی دیكەوە ڕایگشتیی ئاراستە بكەن و نەیار و بەرامبەرەكانیان لە ڕێگەی ئەو دەستەواژانەوە بشكێنن.

كۆی گشتیی ئەو دەستەواژە و چەمكانەی لە هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەكە بەكارهێنراون ١٩٢٧ دەستەواژەن. لە هەردو سامپڵەكە بەرزترین ڕێژە، كە (٢٦,٩٤%)ە، دەستەواژەكانی (بنەماڵە، سەرانی، گروپ، باند، تاقم، چەكدار) بەكارهێنراون، كە سەرجەمیان ئاماژەن بۆ لادان لە یاسا و دەستەواژەی نەرینێن. زۆرتریش بۆ شكاندنی بەرامبەرەكان و داماڵینی بەرگی شەرعییەتی یاسایی بەكارهێنراون، ئەمەش سەردەكێشێت بۆ تیرۆری فیكری نەیارەكان. لە پلەی دوەمدا بەڕێژەی (٢١,٥٩%) دەستەواژەكانی (گروپی تیرۆریستی، ئیسلامی سیاسی، تیرۆركردن) بەكارهێنراون. لە پلەی سێیەمیشدا بەڕێژەی (٢١,٤٤%) دەستەواژەكانی (میلیشیا، میلیشیای تائیفی، چەكدار) بەكارهێنراون. كەمترین ڕێژەش دەستەواژەكانی (كافر، دۆڕاو) دێن، كە بەڕێژەی (٠,٤١%) بەكارهێنراون. لە ئاستی هەریەك لە سامپڵەكانی وەرگیراوی توێژینەوەكە، دەردەكەوێت هەر یەك لە سامپڵەكان لە دوبارەبونەوەی ژمارەیەك دەستەواژە تاڕادەیەك نزیك لە یەك یاخود بەراورد بە یەكدی زیاد و كەم لە بەكارهێنانی دەستەواژەكان هەیە. لە وێبسایتی (K24) دەستەواژەكانی (بنەماڵە، سەرانی، گروپ، باند، تاقم) بەرزترین ڕێژەیان هەیە، كە گەیشتوەتە (٣٠,٧٨%)، لە پلەی دوەمدا دەستەواژەكانی (گروپی تیرۆریستی، ئیسلامی سیاسی، تیرۆركردن) دێن بەڕێژەی (٢٤,٢٥%) و لە پلەی سێیەمدا دەستەواژەكانی (میلیشیا، میلیشیای تائیفی، چەكدار) بەڕێژەی (٢٣,١٢%) دێن، كەمترین ڕێژەش بەكارهێنانی دەستەواژەكانی (كافر، دۆڕاو)ە بەڕێژەی (٠,٣٩%). هەرچی وێبسایتی (NRT)یە، بە هەمان شێوە، دەستەواژەكانی (بنەماڵە، سەرانی، گروپ، باند، تاقم، چەكدار) بەرزترین ڕێژەیان هەیە، كە (١٩,٧٦%)ە، بەڵام بەراورد بە وێبسایتی (K24) ڕێژەكە كەمێك زیاتر لە نیو ئەوەندەیە. لە پلەی دوەمدا دەستەواژەكانی (میلیشیا، میلیشیای چەكدار، چەكدار) دێت و ڕێژەكەیان (١٨,٢٧%)ە. لە پلەی سێیەمدا دەستەواژەكانی (گروپی تیرۆریستی، ئیسلامی سیاسی، تیرۆركردن) دێن بەڕێژەی (١٦,٦٤%). كەمترین ڕێژەش بەكارهێنانی دەستەواژەكانی (كافر، دۆڕاو) هەروەها دەستەواژەی (بەرنامەی چەكی ناوكی) دێن بەڕێژەی (٠,٤٤%) و دەستەواژەكانی (كافر و دۆڕاو) زیاتر لەو بابەت و پۆستانە هاتون، كە وێبسایتەكە لە سۆشیال میدیاوە وەریگرتون و هەواڵی لێ ئامادەكردون، یاخود وەك بابەتێكی هەواڵیی مامەڵەی لەگەڵ كردون و دەقەكەی بڵاوكردونەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٨).

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ڕادەی بەكارهێنانی دەستەواژە بارگاوییەكان لە ناوەڕۆكی هەواڵەكان دەخاتەڕو**

| سایتەكان / هەواڵەكان | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | كۆی گشتی دوبارەبونەوە | كۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بنەماڵە، سەرانی، گروپ، باند، تاقم | ٣٨٦ | 30.78 | ١٣٣ | ١٩,٧٦ | ٥١٩ | ٢٦,٩٤ |
| خیانەت، شازدەی ئۆكتۆبەر | ٢١ | 1.67 | ١٧ | ٢,٥٢ | ٣٨ | ١,٩٨ |
| خۆفرۆش، جاش، سیخوڕ، بەكرێگیراو | ١٥ | 1.20 | ٢١ | ٣,١٢ | ٣٦ | ١,٨٧ |
| كافر، دۆڕاو | ٥ | 0.39 | ٣ | ٠,٤٤ | ٨ | ٠,٤١ |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| میلیشیا، میلیشیای تائیفی، چەکدار | ٢٩٠ | 23.12 | ١٢٣ | ١٨,٢٧ | ٤١٣ | ٢١,٤٤ |
| ناڕونی داهات، گەندەڵی، ساختەکاری، گەندەڵی دەسەڵات، لێبڕینی موچە | ٧٩ | 6.30 | ١٠٨ | ١٦,٠٤ | ١٨٧ | ٩,٧٠ |
| گروپی تیرۆریستی، ئیسلامی سیاسی، تیرۆرکردن | ٣٠٤ | 24.25 | ١١٢ | ١٦,٦٤ | ٤١٦ | ٢١,٥٩ |
| قاچاغچێتی، ڕێگری، سەرانە وەرگرتن | ٩١ | 7.26 | ٨٦ | ١٢,٧٧ | ١٧٧ | ٩,١٨ |
| بەرنامەی چەکی ناوکی | ١١ | 0.88 | ٣ | ٠,٤٤ | ١٤ | ٠,٧٢ |
| ئۆپراسیۆنی سەربازی، لەشکرکێشی، داگیرکاری | ٥٢ | 4.15 | ٦٧ | ٩,٩٥ | ١١٩ | ٦,١٧ |
| کۆی گشتیی | ١٢٥٤ | ١٠٠% | ٦٧٣ | ١٠٠% | ١٩٢٧ | ١٠٠% |

## ٥- جۆرەکانی تیرۆری فیکری و دەرکەوتنیان لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا:

بەگوێرەی ئەنجامی شیکاری زانیارییەکان، لە هەردو سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکەدا، تیرۆری فیکری دەسەڵات بەرزترین ڕێژەی هەیە لە پلەی یەکەمدا دێت و ڕێژەی (٤٩,٥٣%)ی هەواڵەکان لە ناوەڕۆکیاندا تیرۆری فیکری دەسەڵات ڕەنگیداوەتەوە، هۆکاری زۆری ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ڕونکردنەوە و ڕاگەیەندراوە ڕەسمییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری. لە پلەی دوەمدا جۆی تیرۆری فیکری دیکەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی ئەو پۆلێنانەی توێژەر لە خشتەکە دەستنیشانی کردون، بەڕێژەی (٢٨,٦٦%) و لە پلەی سێیەمدا جۆری تیرۆری فیکری پێشێلکارییەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ دێن، بەڕێژەی (١٠,٦٩%) لە پلەی چوارەمیشدا تیرۆری فیکری ڕەگەزی تائیفی دێت بەڕێژەی (٨,٣٨%)، لەم جۆرەدا زیاتر ئەو هەواڵانە بەرجەستەیان کردوە، کە پەیوەندیدارن بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق، یاخود هەندێک هەواڵی کۆمەڵایەتی و ئابوریی، کە پەیوەستن بە ژیانی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەی پێکهاتەیان فرەجۆرە و ئایینزایان جیاوازە. لە پلەی کۆتاییدا تیرۆر لە جۆری جیاکاری ئایینی دێت، کە کەمترین ڕێژەی بەرکەوتوە و (٢,٧٤%)ی هەواڵەکان لەم جۆرەن. لەمەشیاندا زیاتر جیاکاری ئایینزایی و هەندێک هەواڵی پەیوەست بە پرسە ئایینییەکان دەگرێتەوە. لە ئاستی هەریەک لە ویبسایتەکاندا، وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، لە ویبسایتی (K24)، بەرزترین ڕێژەی پۆلێنەکان، بەر تیرۆری فیکری دەسەڵات کەوتوە، کە ڕێژەکەی (٤٤,٨٦%)ە و ئەمەش هۆکاری بۆ وابەستەبونی سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە بۆ گەیاندنی ئەجێندا و بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕەسمیی حکومەت دەگەڕێتەوە. لە پلەی دوەمدا بەڕێژەی (٤٠,٧٨%) جۆری تیرۆری فیکری دیکە دێت، کە لە دەرەوەی پۆلێنەکانی خشتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. لە پلەی سێیەمیشدا پێشێلکاری مافی مرۆڤ دێت بەڕێژەی (٥,٨٨%) و هەروەها تیرۆری ڕەگەزی – تائیفی بەڕێژەی (٥,٠٥%) و تیرۆری جیاکاری ئایینی کەمترین ڕێژەی بەرکەوتوە، کە (٣,٤٣%)یە.

لەبەرامبەردا سامپڵی دوەمی توێژینەوەکە، کە سایتی (NRT)ییە، بە پلەی یەکەم لە هەواڵەکانیدا و بەڕێژەیەکی زیاتر لە ڕێژەی سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە، بایەخی بەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە داوە، کە تیرۆری فیکری دەسەڵات تێیاندا ڕەنگیداوەتەوە و ڕێژەکەیان بە (٥٤,٦٨%) لە پلەی یەکەم دێت و زیاترە لە (K24)، بەو پێیەی ویبسایتەکە جگە لە هەواڵی پەیوەست بەحکومەت و ئیدارە، بایەخی بەرچاویشی بە ململانێی نێوان لایەنە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

سیاسییەکان و ئیدارە خۆجێیەکان و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە لایەک و بەشێکی زۆر لە پۆستی کەسایەتییە سیاسی و ئیداری و سەربازییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان داوە و لێدوان و بڵاوکراوەکانیانی بە بایەخەوە لە چوارچێوەی هەواڵدا بڵاوکردونەتەوە. لە پلەی دوەمدا جۆری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دێت بەرێژەی (١٦,٠١%) و لەمەشدا توێژەر تێبینی کردوە، بەشێکی پەیوەندی بە بایەخدانی وێبسایتەکە هەیە بۆ بابەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە پلەی سێیەمدا جۆری دیکە بەرێژەی (١٥,٢٨%) دێن و لە پلەی چوارەمیش جۆری تیرۆری فیکری تائیفی و ڕەگەزی دێت بەرێژەی (١٢,٠٦%) و لە پلەی کۆتاییشدا کە کەمترین ڕێژەی بەرکەوتوە، جۆری تیرۆری فیکری جیاکاری ئایینی دێت بەرێژەی (١,٩٧%). بڕوانە خشتەی ژمارە (٩).

**خشتەی ژمارە (٩)**

**جۆرەکانی تیرۆری فیکری و دەرکەوتنیان لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان ڕوندەکاتەوە**

| سایتەکان / جۆرەکانی تیرۆری فیکری | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| جیاکاری ئایینی | ٢١ | 3.43 | ١١ | ١,٩٧ | ٣٢ | ٢,٧٤ |
| تیرۆری ڕەگەزی– تائیفی | ٣١ | 5.05 | ٦٧ | ١٢,٠٦ | ٩٨ | ٨,٣٨ |
| تیرۆری فیکری دەسەڵات | ٢٧٥ | 44.86 | ٣٠٤ | ٥٤,٦٨ | ٥٧٩ | ٤٩,٥٣ |
| پێشێلکاری مافی مرۆڤ | ٣٦ | 5.88 | ٨٩ | ١٦,٠١ | ١٢٥ | ١٠,٦٩ |
| دیکە | ٢٥٠ | 40.78 | ٨٥ | ١٥,٢٨ | ٣٣٥ | ٢٨,٦٦ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٦- شێوازەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری:

وەک لە ئەنجامی شیکارکردنی نمونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، بەکارهێنانی ئامرازەکانی شەڕی دەرونی بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا بەرجەستەبونە و لە پلەی یەکەمدا هەردو سامپڵەکە بەرێژەی (٥٢,٧٠%) بایەخیان پێداوە. لە پلەی دوەمدا، بەکارهێنانی ئەنگێزەکانی تایبەت بەناوچەگەری وەک ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی، ئابوری و ئەمنی هەرێمی کوردستان بەرێژەی (١٧,٩٧%) دەرکەوتوە. لە پلەی سێیەمیشدا، چەواشەکردنی ڕاستییەکان دێت بەرێژەی (١٢,٤٩%) و هەردو سامپڵەکەش بەرێژەی (٩,٣٢%) ئەو هەواڵانەیان بڵاوکردوەتەوە، کە بە جۆرێک برەودانیان بە توندوتیژی و توندڕەویی سیاسی و ئایینی لەخۆگرتوە. ئەوەی دەمێنێتەوە بەرێژەی (٧,٥٢%)ی هەواڵەکانی دیکە شێوەی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری تێیاندا لە دەرەوەی ئەو پۆلێنانەیە لە خشتەی (١٠) خراونەتەڕو. هەریەک لە سامپڵەکانی توێژینەوە، ڕێژەی شێوەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە کرۆکی هەواڵەکانیاندا تاڕادەیەک جیاوازە، لە وێبسایتی (K24) بەکارهێنانی ئامرازەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

شەڕی دەرونی بەڕێژەی (٦٤,٩٣) لە پلەی یەکەمدایە و بەکارهێنانی ئەنگێزەی ناوچەگەری بەڕێژەی (١٣,٢٢%) لە پلەی دوەمدایە. لە پلەی سێیەمیشدا چەواشەکردنی ڕاستییەکان بەڕێژەی (٨,٣١%) دێت.

هەرچی وێبسایتی (NRT)یە، بە هەمان شێوە، بەکارهێنانی ئامرازەکانی شەڕی دەرونی لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام ڕێژەکەی (٣٩,٢٠%)ـە کەمترە لە سامپڵی یەکەمی توێژینەوەکە. لە پلەی دوەمیشدا بەکارهێنانی ئەنگێزەکانی ناوچەگەری بەڕێژەی (٢٣,٢١%) دێت. چەواشەکردنی ڕاستییەکان لە پلەی سێیەم دێت، کە بەراورد بە سامپڵی یەکەمی توێژینەوەکە، لە وێبسایتی (NRT) ڕێژەکەی دو هێندە زیاترە و گەیشتوەتە (١٧,٠٩%) و بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی چەواشەکارانەن، توێژەر تێبینیکردوە، بەشێک لە هۆکاری ئەم ڕێژەیە پشتبەستنی وێبسایتەکەیە بە هەواڵ و پۆست و ئەو وێنانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی فەیسبوک بڵاوکراونەتەوە، کە بەبێ پشتڕاستکردنەوە، وێبسایتەکە بڵاویکردونەتەوە. ئەو هەواڵانەش کە جۆرێک لە برەودانیان بە توندوتیژی تێدا دەبینرێت، لە پلەی چوارەم دێن بەڕێژەی (١١,٣٣%) و لە پلەی پێنجەم و کۆتایشدا، شێوەی دیکە بەڕێژەی (٩,١٧%) دێن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٠).

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**شێوازەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە سامپڵی توێژینەوە دەخاتەڕو**

| سایتەکان / شێوەی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| بەکارهێنانی ئامرازەکانی شەڕی دەرونی | 398 | 64.93 | ٢١٨ | ٣٩,٢٠ | ٦١٦ | ٥٢,٧٠ |
| چەواشەکردنی ڕاستییەکان | 51 | 8.31 | ٩٥ | ١٧,٠٩ | ١٤٦ | ١٢,٤٩ |
| بەکارهێنانی ئەنگێزەی ناوچەگەری | 81 | 13.22 | ١٢٩ | ٢٣,٢١ | ٢١٠ | ١٧,٩٧ |
| برەودان بە توندوتیژی و توندڕەوی | 46 | 7.51 | ٦٣ | ١١,٣٣ | ١٠٩ | ٩,٣٢ |
| دیکە | 37 | 6.03 | ٥١ | ٩,١٧ | ٨٨ | ٧,٥٢ |
| کۆی گشتی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٧- کاریگەری ژینگەی کار لەسەر دەرکەوتنی تیرۆری فیکری:

وەک لە ئەنجامی شیکاری زانیارییەکان دەردەکەوێت، کاریگەری بابەتییانەی ژینگەیی ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە هەڵبژاردن و دارشتن و بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی تیرۆری فیکری لەخۆدەگرن و ڕێژەیان (٧٦,٧٤%)ـە، لە دوای ئەو هۆکاری دابەشبونی جوگرافیای سیاسی هەرێمی کوردستان و ژینگەی کارکردنی هەردو وێبسایتەکە دێت بەڕێژەی (٢٣,٢٦%). لە ئاستی هەریەک لە سامپڵەکان جیاوازییە ڕێژەییەکانی نێوانیان لە بارەی هەردو بژاردەکە لە یەکەوە نزیکە و هەریەک لە کاریگەری بابەتییانەی ژینگەیی و دابەشبونی جوگرافیای سیاسی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

ژینگەی کارکردنیان بە ئەندازەی نزیک لە یەک لە ڕوی ڕێژەوە، کاریگەری هەبوە لە هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی تیرۆری فیکری تێیاندا بەرجەستە بوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

**خشتەی ژمارە (١١)**

**کاریگەری ژینگەی کار لەسەر دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| سایتەکان | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاریگەری ژینگەیی | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| کاریگەری بابەتیانەی ژینگەیی | ٤٩٤ | 80.58 | ٤٠٣ | ٧٢,٤٨ | ٨٩٧ | ٧٦,٧٤ |
| دابەشبونی جوگرافیای سیاسی | ١١٩ | 19.42 | ١٥٣ | ٢٧,٥٢ | ٢٧٢ | ٢٣,٢٦ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ٨- هۆکارەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە هەرێمی کوردستان:

بەگوێرەی شیکاری زانیارییەکان لە پلەی یەکەمدا هۆکاری سەرەکی تیرۆری فیکری بەڕێژەی (٤٦,١١%) ململانێی ناوچەگەری و دابەشبونی جوگرافیای سیاسی هەرێمی کوردستانە بەسەر دو زۆندا. لە پلەی دوەم تیرۆری فیکری بەڕێژەی (٣١,٦٥%) ڕەهەندی هەرێمایەتی هەیە و ئەمەش درێژکراوەی واقیعی سیاسی و دابەشبونی جوگرافیای سیاسی ژینگەی کارکردنی هەریەک لە وێبسایتەکانە. لە پلەی سێیەمدا ململانێ ئابورییەکان بەڕێژەی (١٥,٧٥%) دێن. لە پلەی چوارەمدا ململانێی ئایینی و مەزهەبی بەڕێژەی (٤,٧٥%) دێت و پاشانیش لە پلەی کۆتاییدا ململانێی نەوەی کۆن و تازەی جوڵانەوەی سیاسی کوردیی بەڕێژەی (١,٦٢%) دێت. لە ئاستی هەریەک لە سامپڵەکاندا، خشتەکە ڕونیکردوەتەوە، کە لە وێبسایتی (K24) ئەو هەواڵانەی ئاوێتەن بە تیرۆری فیکری ڕەهەندی هەرێمایەتییان هەیە و ڕێژەیان (٤٠,٢٩%)ن و لە پلەی یەکەمدان. لە پلەی دوەمدا ئەو هەواڵانە دێن، کە ڕەهەندی ململانێی ناوچەگەرییان پێوەدیارە و ڕێژەیان (٣٩,٦٤%)ە. لە پلەی سێیەمیشدا ئەو هەواڵانە دێن ململانێی ئابورییان تێدا دەردەکەوێت و ڕێژەیان (١٢,٨٨%)ە. پاشان جیاکاری ئایینی و مەزهەبی بەڕێژەی (٦,١٩) دێت و لە پلەی کۆتاییشدا ململانێی نەوەی کۆن و تازەی جوڵانەوە سیاسییەکان بەڕێژەی (١,٠٠%) دێت. لە بەرامبەردا لە سامپڵی دوەمی توێژینەوەکە ململانێی ناوچەگەری بەڕێژەی (٥٣,٢٤%) لە پلەی یەکەمدایە و هۆکاری ئەمەش بایەخدانی وێبسایتەکەیە بە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان و کاریگەرییەکانی ژینگەی کارکردنە، لە پلەی دوەمیشدا بەڕێژەی (٢٢,١٣%) ململانێی هەرێمایەتی و پاشانیش لە پلەی سێیەمدا بەڕێژەی (١٨,٨٨%) ململانێی ئابوری دێت و بەدوایدا لە پلەی چوارەم و پێنجەم ململانێی ئایینی و نەوەی کۆن و تازەی جوڵانەوەی سیاسی کورد دێن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**هۆکارەکانی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە سامپڵی توێژینەوەکە دەخاتەڕو**

| سایتەکان / تیرۆری فیکری لە هەرێم پەیوەستە بە: | K24 دوبارەبونەوە | K24 % | NRT دوبارەبونەوە | NRT % | کۆی گشتی دوبارەبونەوە | کۆی گشتی % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ململانێی ناوچەگەری | 243 | 39.64 | ٢٩٦ | ٥٣,٢٤ | ٥٣٩ | ٤٦,١١ |
| ڕەهەندی هەرێمایەتی هەیە | 247 | 40.29 | ١٢٣ | ٢٢,١٣ | ٣٧٠ | ٣١,٦٥ |
| جیاکاری ئایینی و مەزهەبی | 38 | 6.19 | ١٩ | ٣,٤١ | ٥٧ | ٤,٨٧ |
| ململانێی ئابوری | 79 | 12.88 | ١٠٥ | ١٨,٨٨ | ١٨٤ | ١٥,٧٥ |
| ململانێی نەوەی تازە و کۆنی لایەنە سیاسییەکان | 6 | 1.00 | ١٣ | ٢,٣٤ | ١٩ | ١,٦٢ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

### ٩- شێوەی ئەو جۆرە تیرۆرە فیکرییەی بەکارهاتوە:

وەک لە دەرهێنانی ئەنجامی زانیارییەکان ڕون دەبێتەوە، هەردو سامپڵەکە بە پلەی یەکەم تیرۆری فیکری ڕوداپۆشراو یاخود ناوەخنییان بەکارهێناوە و ڕێژەکەی (%٤٦,٠٢)ە، لە پلەی دوەمیشدا تیرۆری فیکری ڕوهەڵماڵراو (ئاشکرا)یە، کە ڕێژەکەی (%٢٩,٠٨)ە و لە پلەی سێیەمدا تیرۆری فیکری ئاماژەیی (ئیحائی) دێت بەڕێژەی (%٢٤,٩٠). لە ئاستی هەریەک لە سامپڵەکەدا، خشتەکە ڕونیکردوەتەوە، لە وێبسایتی (K24)، تیرۆری فیکری کرۆکیانە یان ڕوداپۆشراو لە پلەی یەکەمدایە و ڕێژەکەی (%٥٠,٥٨) و لە پلەی دوەمدا تیرۆری فیکری ڕوهەڵماڵراو دێت بەڕێژەی (%٢٥,٩٣) و پاشانیش تیرۆری فیکری ئاماژەیی بەڕێژەی (%٢٣,٤٩) دێت. هاوشێوە لە وێبسایتی (NRT) پلە بەندییەکە نەگۆڕاوە و تەنیا ڕێژەکان جیاوازیان هەیە و وەک دەرکەوتوە تیرۆری فیکری ڕوهەڵماڵراو، بەڕێژەیەکی زیاتر، کە (%٣٢,٥٥)ە بەراورد بە (K24) دەرکەوتوە. هۆکاری ئەم زیاتر دەرکەوتنە، بە سەرنجی توێژەر بۆ ئەو لێدوانە ڕاستەوخۆیانە دەگەڕێتەوە، کە لە کەناڵەکەوە پەخشکراون و دواتر لە وێبسایتەکە وەک بابەتێکی هەواڵیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هاوکات ئەو پۆست و سەرنجانەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکەنەوە و وێبسایتەکە وەک بابەتی هەواڵیی مامەڵەی لەگەڵدا کردون. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٣).

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**شێوەی ئەو جۆرە تیرۆرە فیکرییەی بەکارهاتوە دەخاتەڕو**

| سایتەکان<br>شێوەکانی تیرۆری فیکری | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| تیرۆری فیکری ئاماژەییە (ئیحائی) | 144 | 23.49 | ١٤٧ | 26.44 | ٢٩١ | ٢٤,٩٠ |
| تیرۆری فیکری ڕوداپۆشراوە – کرۆکە (ضمنی) | 310 | 50.58 | 228 | 41.01 | ٥٣٨ | ٤٦,٠٢ |
| تیرۆری فیکری ڕوهەڵماڵراوە (ظاهري) | 159 | 25.93 | ١٨١ | 32.55 | ٣٤٠ | ٢٩,٠٨ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ١٠- ڕۆڵی میدیا لە دیاردەی تیرۆری فیکری دا:

وەک لە ئەنجامی دەرهێنانی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان ڕوندەبێتەوە، زۆرینەی ئەو هەواڵانەی بڵاوکراونەتەوە، تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەیە کە ڕەهەندی تیرۆری فیکریان هەیە و ڕێژەکەیان (٥٢,٧٨%)ە و بەڕێژەی (٤٧,٢٢%)ی هەواڵەکان لەلایەن وێبسایتەکانەوە بڵاوکراونەتەوە، بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکرین و خشتەکە ڕونیشیکردوەتەوە، هەردو نمونەکە لە یەکەوە نزیکن. بە جۆرێک لە وێبسایتی (K24)، ڕێژەی بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکری (٤٦,١٧%)یە و لە وێبسایتی (NRT) ڕێژەکە کەمێک زیاترە و (٤٨,٣٨%)ە، هەرچی بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەیە، کە ڕەهەندی تیرۆری فیکریان هەیە لە وێبسایتی (٥٣,٨٣)یە، بەڵام لە وێبسایتی (NRT)، ڕێژەکەی (٥١,٦٢)ە و هۆکارەکەش تاڕادەیەک یەکبونی سەرچاوەی سەرەکی هەواڵەکانە و هاوشێوەی ئەو ڕوداو و بابەتانەیانە، کە ڕۆژانە هەردولا کاریان لەسەر کردون. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی کەم لەڕوی بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکری بەدیدەکرێت، کە وێبسایتی (NRT) بەڕێژەی (٢,٢١%) زیاترە لە وێبسایتی (K24) و هۆکارەکەشی زۆری پشتبەستنە بە سەرچاوەی نارەسمی، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ڕون کراوەتەوە و هەروەها بایەخدانی زیاترییەتی بە سەرچاوەی نادیار وەک لە خشتەی ژمارە (٦) ڕونکراوەتەوە و سەرەڕای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

ئەوەش ویبسایتەکە بایەخی زۆرتری بە هەواڵ و پرسە ناوخۆییەکان داوە، وەک لە خشتەی ژمارە (١٢) ڕونکراوەتەوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (١٤).

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**ڕۆڵی میدیا لە دیاردەی تیرۆری فیکریدا دەخاتەڕو**

| سایتەکان / میدیا و تیرۆری فیکری | K24 | | NRT | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % | دوبارەبونەوە | % |
| بەرهەمهێنانی تیرۆری فیکری | 283 | 46.17 | ٢٦٩ | ٤٨,٣٨ | ٥٥٢ | ٤٧,٢٢ |
| تەنیا بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی ڕەهەندی تیرۆری فیکریان هەیە | 330 | 53.83 | ٢٨٧ | ٥١,٦٢ | ٦١٧ | ٥٢,٧٨ |
| کۆی گشتیی | ٦١٣ | ١٠٠% | ٥٥٦ | ١٠٠% | ١١٦٩ | ١٠٠% |

## ئەنجام:

یەک: تیرۆری فیکری بەشێوەی ئاشکرا و بەشاراوەیی لەتوێی دەقی هەواڵی ویبسایتە هەواڵییە کوردییەکاندا بەرجەستەیە، شێوازی داڕشتنی هەواڵەکان کاریگەری لەسەر بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری هەیە.

دو: چارەسەری هەواڵیانە بۆ تیرۆری فیکری لە سامپڵی وەرگیراوی توێژینەوەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژینگەی کارکردنی میدیا، سەرچاوەی پارەدارکردن، ستراتیژی کەناڵەکان و ئاستی لایەنداریيان لە خستنەڕوی بابەتەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان هەیە.

سێ: پشتبەستنی سایتە هەواڵییەکان بە سەرچاوەی نادیار و ناڕەسمی و هەروەها بایەخدانیان بە بیروڕا لە بری زانیاری، ژینگەیەکی لە باری بۆ بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری ڕەخساندوە.

چوار: دابەشبونی جوگرافی و ژینگەی کارکردنی هەریەک لە سامپڵی توێژینەوەکە، کاریگەری لەسەر بەرجەستەبونی تیرۆری فیکری لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا هەیە.

پێنج: پشتبەستنی سایتە هەواڵییە کوردییەکان (سامپڵی توێژینەوەکە)، بەو بابەت و بۆچونانەی لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە، کاریگەری لەسەر ئاستی دەرکەوتنی تیرۆری فیکری هەیە.

شەش: ململانێی ناوچەگەری و ڕەهەندە هەرێمایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە دەرکەوتنی تیرۆری فیکری لە ویبسایتە هەواڵییەکاندا و لە بەرامبەردا ڕەهەندە ئاینی و نەتەوەییەکان پشکێکی کەمیان بەردەکەوێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەرئەنجامی واقیعیانەی ئەو ڕەوشە سیاسی و ئابوری و ئەمنییەیە، کە لە هەرێمی کوردستان هەیە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

حەوت: تیرۆری فیکری دەسەڵات (دەسەڵاتی سیاسی، ئەمنی، ئیداری) بەرچاوترین جۆری ئەو تیرۆرە فیکرییەیە، کە ڕۆژانە لەڕێی هەواڵەکانەوە ئاراستە دەکرێت، لە بەرامبەردا تیرۆری فیکری ئاینیی و جیاکارییە مەزهەبی و نەتەوەییەکان کەمترین پشکیان بەردەکەوێت.

هەشت: سایتە هەواڵییە کوردییەکان سەکۆیەکی سەرەکین بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی تیرۆری فیکری و ئەنجامی ئەو داتایانەی لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سامپڵی توێژینەوەکە دەستکەوتون، هەردو سامپڵەکە بە پلەی یەکەم ڕۆڵیان هەبوە لە دوبارە بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی تیرۆری فیکریان تێدایە و بەپلەی دوەم خۆیان بەرهەمهێنەری تیرۆری فیکری بون.

نۆ: لە سایتە هەواڵییە کوردییەکاندا ڕێژەی هەرە زۆری ئەو تیرۆرە فیکرییەی ئاراستە و بڵاودەکرێتەوە، لە جۆری تیرۆری فیکری ڕوداپۆشراوە و ئاشکرا نییە، لەوەشدا زمان بە گشتیی و ئەو چەمک و دەستەواژانەی بارگاوین بە ئەندێشەی سیاسی و کۆمەلایەتی نەرێنیانە هاوکار و یارمەتیدەریانن.

دە: لە سایتە هەواڵییە کوردییەکاندا، بۆ لێدان لە بەرامبەرەکان و ناردنی ئەو پەیامانەی تیرۆری فیکرییان مەبەستە، بەڕێژەیەکی زۆر سود لە ئامرازەکانی شەڕی دەرونی وەرگیراوە و پاشان کەڵک لەو چەمک و دەستەواژانە وەرگیراوە کە ئەنگێزەی ناوچەگەرییان پێوە دیارە.

## ڕاسپاردە:

یەک: پشتبەستنی سایتە هەواڵییە کوردییەکان بە سەرچاوەی ڕەسمی و خۆبەدورگرتن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەڵبەستراو و پشتڕاست نەکراوە ڕێگرە لە بەردەم دەرکەوتنی تیرۆری فیکری.

دو: بایەخدانی سایتە هەواڵییە کوردییەکان بە گواستنەوە و ڕوماڵکردنی زانیاری لەبری بڵاوکردنەوەی بۆچونەکان ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ خۆپارێزی و ڕێگری لە بڵاوبونەوەی تیرۆری فیکری.

سێ: پێویستە سایتە هەواڵییە کوردییەکان لە دارشتنی هەواڵەکاندا، خۆیان بەدوربگرن لە بەکارهێنانی زمانی زبر و ئەو چەمک و دەستەواژانەی هەڵگری مۆرک و تایبەتمەندی نەرێنیانەی سیاسی و کۆمەڵایەتین.

چوار: پێویستە سایتە هەواڵییە کوردییەکان خۆیان لە بۆتەی ناوچەگەری دەرباز بکەن و هەوڵی جددی بدەن ئەو سنورە سیاسییانە کاڵبکەنەوە، کە بەهۆی ڕەوشی سیاسی و ململانێ ناوخۆییەکان لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کێشراون.

پێنج: تیرۆری فیکری بەهەمو شێوەکانییەوە پێویستی بەلێکۆڵینەوە و بەدواداچونی زیاترە، گرنگە لەڕێی دامەزراوەی تایبەت و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەوڵبدرێت، بەدواداچون بۆ ئەو تیرۆرە فیکرییە بکرێت، کە لە دەرەوەی سنورەکانەوە ئاراستەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# News Processing for Intellectual Terrorism Phenomena in News Websites, Analytical Study: Kurdistan 24 and NRT Websites

**Arsalan Rahman Mohammed[1] - Sara Muhsin Qadir[2]**

[1+2] Department of Media, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The phenomenon of intellectual terrorism has emerged in different places and times within the framework of the media message. This phenomenon is closely related to the editorial policy of media channels, given the different editorial policy, work environment, and geopolitics in the Kurdistan Region, this study identified the cities of Erbil and Sulaymaniyah as research communities.

The (Kurdistan 24) channel website in Erbil and the website of (NRT) channel in Sulaymaniyah were chosen as two research samples .The main problem of this study is about the extent to which the concept of intellectual terrorism is embodied in Kurdish news websites. It is also one of the manifestations of external influences that play a role in formulating the media message and editorial policy of the channel, because the embodiment of intellectual terrorism is more dangerous than terrorism in its general sense, especially since the main goal of intellectual terrorism is to terrorize the other party morally, and to prepare the ground for physical cleansing, distorting the mental image, and thus creating a new mental image.The main objective of this study is to analyze the content of the media message, in which the research samples direct the news to their receivers, and to reveal the hidden side of the media message. The study also deals with the extent to which the work environment and the political conflicts between the parties affect the formulation of the media message and the embodiment of intellectual terrorism in it. Besides defining and analyzing these concepts, phrases, and language, which in turn make up this message.

This study, which is based on the content analysis method, shows the extent of the use and embodiment of intellectual terrorism through editorial language and policy by analyzing the news content of both samples. After evaluating the study questions by the evaluation experts, the researcher created tables for the shape and news content of the two samples .Within the content of the study, the concepts of terrorism and intellectual terrorism and their objective were explained from a scientific point of view, and then stations were reviewed on the history of intellectual terrorism in the Kurdistan Region, and the impact of political, economic and geographical conflicts on its appearance.

Within the practical side of this study, and through (14) tables, vigorous efforts were made, in terms of form and content, to achieve and analyze these tables regarding the practice of intellectual terrorism in the news, on both (K24) and (NRT) websites .In conclusion, several of the most prominent results of the study were presented as follows:The news treatment of intellectual terrorism on the two websites that are directly related to the media work environment, their sources of funding, and their level of bias in presenting the contents and publishing news. The two websites also created a suitable environment for the emergence and nurturing of ideological terrorism, especially when the level of conflict is at its most intense.

**Keywords:** Intellectual Terrorism, Media, News.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11**

## سەرچاوەکان:

ابن منظور ,الامام العلامة أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم .لسان العرب .بيروت :دار صادر1300 ,هـ

الرازي ,محمد بن أبي بكر عبدالقادر .مختار الصحاح Edited by .دائرة المعاجم .Vol .طبعة مدققة كاملة التشكيل و مميزة المداخل .بيروت :دائره المعاجم في مكتبة لبنان.1989 ,

خورشید، غازی عەلی .زمانی فەرمی بۆ کوردستان .سلێمانی :دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.2011 ,

الأنصاري ,كريم .نفحات الذات .الاول .Vol. 3. 3 vols .منشورات دليل ما.1437 ,

الدليمي ,الدكتور عبدالرزاق محمد .الإعلام الجديد والصحافة الإلكترونية .Vol .الأولى .عمان :دار وائل للنشر والتوزيع.2011 ,

اللبان ,أ.د .شريف درويش .الصحافة الإكترونية دراسات في التفاعلية وتصميم المواقع .Vol .الأولى .القاهرة :الدار المصرية اللبنانية.2005 ,

العبيدي ,أ.د .سعد سلمان المشهداني، فراس حمود .مواقع التواصل الإجتماعي وخصائص البيئة الإعلامية الجديدة .الأولى .عمان :دار أمجد للنشر والتوزيع , 2020.

العدينات ,سطان عناد إبراهيم .الآلية الدولية لمكافحة الإ رهاب .عمان :جامعة الشرق الاوسط.2018 ,

الفلاحي ,الدكتور حسين علي إبراهيم .الإلاعلام التقليدي والإعلام الجديد )دراسة في صور ومظاهر من الاعلام التقليدي والإعلام الجديد .(الاولى .عمان :دار غيداء للنشر و التوزيع.2014 ,

الرحباني ,عبير شفيق .الإستعمار الإلكتروني والإعلام .الأولي .عمان :دار أسامة للنشر والتوزيع.2015 ,

التل ,الدكتور أحمد يوسف .الإرهاب في العالمين العربي والغربي .الأولي .عمان :دائرة المطبوعات والنشر.1998 ,

اندرليني ,سانام .التعليم والهوية ومنع التطرف .الاولى Edited by .ميليندا هولمز ديفين كويك .واشنطن دي سى :الشبيكة الدولية لأنشطة المجتمع المدني (ICAN), 2017.

جرار ,أماني غازي .إرهاب الفكر و فكر الإرهاب .دار اليازوري العلمية.2016 ,

د. فاطمة شعبان ابوالحسن، نسمة فايق كمال، د. رامي عطا صديق. الإعلام والإرهاب دراسة حالة وإستراتيجية مواجهة. القاهرة: العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

حمداوي ,جميل .الحركات الإسلامية وسلاح التكفير .الناظور -تطوان -المملكة المغربية :دار الريف للطبع والنشر اإللكتروني.2019 ,

كامل ,أميرة عبد العزيز العربي -محمد عبد المنعم .جذور الإرهاب وآليات المواجهة .الاولى .الجيزة :أطلس للنشر والإنتاج الإعلامي.2019 ,

عوض ,أ.د .محمد محي الدين .تعريف الإرهاب. رياض :جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.1999 ,

فلمبان ,هلال حسين .دور الحوار التربوي في وقاية الشباب من الإرهاب الفكري. رياض :مركز الملك عبدالعزيز للحوار الوطني.2008 ,

صادق ,پشتيوان .موسوعة الإرهاب )التاريخ، التعريف، التمييز، الأنواع، الأسباب .Vol. 1. 1 vols .(أربيل :طبع على نفقة جامعة صلاح الدين.2006 ,

صالح ,د .جلال الدين محمد .الإرهاب الفكري أشكاله وممارساته. رياض :جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.2008 ,

قاسم, رائد .الإرهاب والتعصب عبر التاريخ .دار المجة البيضاء للطباعة والنشر والتوزيع.2005 ,

Borum, Randy. Psychology of Terrorism. 1. 1 vols. Florida : University of south florida tampa Department of mental health law and policy, 2007.

Oxford. Oxford Advanced Learner's Dictionary. Oxford: Oxford University Press, 2012.

S.Rana, Kishan. 21st Century -A Practitioners Guide. 1. London : The Continuum International Publishing Group, 2011

صالح، پاڤێ جمیل أحمد. ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هێورکردنەوەی شڵەژانی پاش هێدمە .هەولێر :زانکۆی سەلاحەدین –نامەی ماستەری چاپ نەکراو.2018 ,



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11

تامي ,نصيرة .المعالجة الإعلامية لظاهرة الإرهاب من خلال البرامج الحوارية في الفضائيات الإخبارية العربية المتخصصة، دراسة تحليلية مقارنة بين قناة "الجزيرة" القطرية وقناة "العربية "السعودية .الجزائر :كلية العلوم السياسة والإعلام، جامعة الجزائر.2012 , رسالة ماجستير.

الأنصاري ,عبدالصبور أحمد محمود" .الإرهاب الفكري الأسباب ..الآثار..العلاج ..دراسة في ضوء القران الكريم ".المجلة الدولية للدراسات الإسلامية المتخصصة )تصدر عن مركز رفاد للدراسات و الابحاث) 2, no. 1 (اذار .122: (2019

البُر ,أ.د .أيمن مجذوب سالم أحمد" .المراجعات الفكرية مع المتطرفين في جرائم الإرهاب ".مجلة القانون العقاري والبيئة ) 9, no. 2حزيران .603: (2021

اتويه ,أ.م .د .أمل فاضل عبد خشان، م.م .محمد جبار" .الإرهاب الفكري بين النظرية والقانون ".مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية )جامعة تكريت .27, no ( 7أيلول .37: (2015

محمد ,أ.م.د حمدان رمضان" .الإرهاب السياسي دراسة تحليلية إجتماعية ".مجلة الآداب ) 1, no. 137حزيران .860: (2021

سردوك ,د .علي" .الإعلام والإرهاب :علاقة تحريض وتقويض ".مجلة الفنون والآداب وعلوم الإنسانيات والإجتماع )قسم الاعلام والاتصال وعلم المكتبات -كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، جامعة 8ماي 1945قالمة -الجزائر) 66 (ابريل .149-159: (2021

عمر ,دكتورة ميادة منصور" .التدخل المهني بطريقة تنظيم المجتمع لتنمية وعي المرأة بمخاطر التطرف والإرهاب ".مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية ) 53, no. 1يناير .216: (2021

شقير ,الدكتور الشيخ محمد ظاهرة التكفير :عوامل النشأة وطرق العلاج ".مجلة المنهاج.360 :2010 ,

أسعد ,هناء أبو .البوصلة -الارهاب الفكري في الشرق الأوسط و مكافحته.(accessed 6 15, 2021) http://www.alboselh.net/node/13316 .1 8, 2015 .

ربح ,د .عبدالله فيصل ال .الرؤية .سبتمبر 20, 2020. https://www.alroeya.com/119-85/2162946 (accessed 6 15, 2021)..

هەورامی، د .هێمن .جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و شارەزا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەولێر.(4 25, 2020)



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper11**